# ڕوانگە ناوێکی زێڕین لە سەردەمێکی زێڕیندا

## وەڵام بۆ کتێبەکەی ( عەبدوڵا عەباس )

سەدیق سەعید ڕواندزی

٢٠٢٤

⋆ ناوی کتێب: ڕوانگە ناوێکی زێڕین لە سەردەمێکی زێڕیندا.

⋆ بابەت: وەڵام بۆ کتێبەکەی عەبدوڵا عەباس.

⋆ ناوی نووسەر: سەدیق سەعید ڕواندزی .

⋆ بەرگ: تەیب موعتەسیم .

⋆ نرخ: ٣٠٠٠ دینار .

⋆ نۆرە و ساڵی چاپ _ یەکەم _ ٢٠٢٤ .

⋆ ژمارەی سپاردنی بە ژمارە (٨٩٧) لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان پێدراوە.

⋆ چاپ: کۆمەڵگەی فەرهەنگی ئەحمەی خانی _سۆران.

پێشەکی: _

ئەم کتێبە، کورتە وەڵامێکە بۆ کتێبێکی مامۆستا (عەبدوڵا عەباس) بە ناوی ( ڕوانگە ناوی زل و دێی وێران ) کە لە پەراوێزی وتارێکی ئێمە لە بارەی ڕوانگە، وەك وەڵام دانەوەیەك بۆ وتارەکەمان نووسیویەتی. ڕەنگە یەکێك لە دیارترین خاڵە ئەرێنییەکانی وەڵام و گفتوگۆی ڕەخنەیی و ئەدەبی ئەوە بێت، کە نێوەندی نووسین و ئەدەبی کوردی گەرم و گوڕتر دەکات و دیالۆگ و گفتوگۆ و بیرو ڕای جیاواز دێنێتە ئاراوە. لەو سۆنگەیەشەوە ئەم کتێبە بەشێکی پەیوەندی بەو دیالۆگەوە هەیە، بەشێکیشی پەیوەندی بەوەوە هەیە، کە نووسەر لە چەندین شوێنی کتێبەکەیدا، ئێمە بە هەڵەدا چوو ، بێ ئاگا دەناسێنێت کە گوایا شارەزایمان لە ڕوانگە و مێژووەکەی نییە و نەوەی هەفتاکان نین ! بەشێکی دیکەی پەیوەندی بە تێنەگەیشتنی خوێنەرانێك بۆ وتارەکەی ئێمە بە ناوی ( دەستگرتن بە مێژووی ئەوانیتر ) کە لە و کتێبەدا هەیە و پێشتر لە هزر و هونەری خەبات بڵاوبۆتەوە، هەیە. من لە وتارەکەمدا، باسم لەوە کردووە کە مێژووی ڕوانگە و ئەو باسانەی لە سەر ڕوانگە نووسراون، باس لەوە ناکەن کە مامۆستا عەبدوڵا عەباس، یەکێك بێت لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە، کە چی بە دەیان کۆمێنتچی و پۆستەچی فەیسبووك، لە فەیسبووکی نووسەر، منیان بە بێ ئاگا لە قەڵەم داو باسیان لەوە کرد کە عەبدوڵا عەباس، یەکێك بووە لە دیارترین ڕۆژنامەنووسانی کورد. ئەمەیە دەڵێن ( تێنەگەیشتن لە بەڵای خوا خراپترە ) چونکە من دوور و نزیك لە وتارەکەمدا ، باسم لە پێگەی ڕۆژنامەوانی نووسەر نەکردووە، کە سی ساڵ زیاتر سەرنووسەری ڕۆژنامەی هاوکاری بووە، بەڵکو لە

پەراوێزی ئەو مێژووەی بۆ ڕوانگە نووسراوەتەوە و بۆتە ئەرگۆمێنت و بەڵگەی حاشا هەڵنەگر، گوتوومە لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە نییە و دوور و نزیك باسم لە ڕۆڵ و شوێن پەنجەی ئەو لە دنیای ڕۆژنامەنووسی کوردی نەکردووە، ڕەنگە هەر ئەم مێژووەی کارکردنیش بێت لە ڕۆژنامەی هاوکاری و بواری ڕۆژنامەنووسی، کە ئێمە عەبدوڵا عەباس، وەك ڕۆژنامەنووس بناسین نەك شاعیر. دوای ئەوەی نووسەر بە کورتە نووسینێك وەڵامی نووسینەکەی منی هەر لە پاشکۆی سەنگینی هزر و هونەری ڕۆژنامەی خەبات دایەوە، بەڵام دیارە قنیاتی نەهاتووە، بۆیە کتێبێکی بە ناوی ( ڕوانگە ناوی زل و دێی وێران ) (١) بڵاوکردۆتەوە و لە چەندین شوێنی کتێبەکەی، ئێمە بە هەڵەداچوو دەناسێنێت، بۆیە بە پێویستم زانی، بەو کتێبە وەڵامی بدەمەوە. هۆکارێکی دیکەی نووسینی ئەم کتێبە، ڕاستکردنەوەی ئەو تێگەیشتنە دۆگمایانەیە، کە بڕوایان وایە مادامەکێ ئێمە و نەوەی دوای ڕاپەڕین لە هەفتاکان و لە سەردەمی ڕوانگە نەژیاوین، ئیدی بێ ئاگاینە لە مێژوو، نابێ باسی ئەو قۆناغە بکەین و ئەو مافەمان نییە. دەبێ ئەوانە بزانن کەسانێکی وەك ئێمە ، ڕاستە نەوەی هەفتاکان نین، بەڵام بەردەوام دەخوێنینەوە، بە ئاگاین لە مێژووی ڕووداوەکان و قۆناغەکانی شیعری ئەدەبی کوردی و ئەمە پەیوەندی بە پاشخانی ڕۆشنبیریی و فەرهەنگی نووسەرەوە هەیە، نەك تەمەن و ناسنامە و سەردەمی ژیان وەك ئەوانە تێگەیشتوون. دوا جار دەڵێم ئەم کتێبەی ئێمە، لە چەند وتارێك لە بارەی ڕوانگە و دواتریش کۆمێنت لە بارەی نووسینەکەی عەبدوڵا عەباس پێکهاتووە، بۆ ئەمەش، ئێمە ئەو مێژووە دەکەینە گەواهیدەر کە باس لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە و

بانگەوازەکەیان دەکەن، کە ئاخۆ نووسەر دەستی لە دامەزراندنی ئەو بزووتنەوەیە هەبووە یان نا؟ دواتریش لە ڕێگەی دەیان بۆچوونی مێژوویی و ئەرگۆمێنتییەوە، ئاماژەمان بۆ ڕۆڵ و پێگەی ڕوانگە وەك گرووپێکی دیاری ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا کردووە. بۆ ئەم مەبەستەش، دەیان سەرچاوە و بۆچوونی نووسەرانی سەردەمی هەفتاکان و گرووپی ڕوانگە و ئەوانەشی لە دەرەوەی ئەو گرووپە بوونە، دەکەینە سەنگی مەحەك بۆ ئەوەی بۆ هەموو لایەکی ڕوون بکەینەوە کە ئایا ( روانگە ناوی زل و دێی وێران ) بووە وەك ئەوەی عەبدولڵا عەباس دەیڵێت یاخود نا؟ بە هیوام ئەم دیالۆگانە خزمەتێك بە نێوەندی ئەدەبی و شیعری کوردی بە تایبەتی بکەن.

سەدیق سەعید ڕواندزی

٢٠٢٤ /٤/٢٥ _ ڕواندز

## دەستگرتن بە مێژووی ئەوانیتر !

بەرلەوەی باسی ڕوانگە، وەك بزووتنەوەیەكی شیعری نوێ و دەركەوتەیەكی نوێ لە مێژووی ئەدەبی كوردی و شیعری كوردی لە قۆناغی هەفتاكان بكەین، سەرەتا دەبێ بگەڕێینەوە بۆ ئەو زەمینە كولتووریی و سیاسییەی كە ڕوانگەی تیادا دروست بوو، چونكە هەموو بزووتنەوە و مانفێستێكی ئەدەبی، دەرەنجامی كۆمەڵە فاكتێكی خودی و بابەتین و دەرچوونە لەو واقیعە باوەی بوونی هەبووە. ئاشكرایە ڕوانگە لە پەیوەندی بەو كەشە ئازادەی لە دوای ڕێككەوتننامەی ئازارەوە هاتە ئاراوە، دروست بوو. چەند شاعیر و چیرۆكنووسێك لە سەرەتای هەفتاكاندا، بە مەبەستی گڕ و تیندانێكی نوێ بە ئەدەب و شیعری كوردی و هەنگاونان بەرەو نوێخوازی، بەیاننامەی ڕوانگەیان ڕاگەیاند و دواتر گۆڤارێكیشیان بەو ناوەوە دەركرد. بێگومان ڕوانگە، كە كەسانێك بە هێڵكەیەكی پیسی هەڵنەهاتوو ناوی دەبەن، ڕەنگە نەیتوانیبێت گۆڕانێكی ڕیشەیی لە بونیادی شیعری كوردی لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆك و زمان و جیهانبینییەوە بێنێتە ئاراوە، بەو مانایەی هاوشێوەبوونێك لە شیعرەكانی گرووپی ڕوانگە و قۆناغی پێشووتر و دواتری ڕوانگەش، لە ڕووی زمان و جیهانبینییەوە تا ڕادەیەك هەیە، بەڵام خواستی ڕوانگەیەكان، گەورەتر بوو لەوەی هەر تەنها لە نوێخوازی شیعری كورت بكرێتەوە، بەڵكو ئەوان بڕوایان بە جۆرە یاخیبوونێكی دیكە و گۆڕانكارییەكی كۆمەڵایەتی و كولتووریی و ئایینی گەورە هەبوو، كە كاریان لە سەر دووركەوتنەوە لە ئەقڵیەتی باو، بڕواهێنان بە مافەكانی ژن و ڕیفۆڕمكردنی كۆمەڵگە و ئازادییە

کەسییەکان و نەمانی ئەو ڕەهەندە ڕۆمانسی و ڕیالیزمییە دەکردەوە، کە وەك مۆدێك لە شیعری ئەو کات بوونی هەبوو، بە ئاراستەی یاخیبوون و بونیادنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتووتر. بۆیەشە لە دوای ڕاگەیاندنی ڕوانگە، مەلا و سیمبولە ئایینییەکان کەوتنە دژایەتی ئەو گرووپە و وەك شاعیری نەمر شێرکۆبێکەس لە نووسینەکانیدا باسی دەکات، ئەگەر فرەنسۆ هەریری فریایان نەکەوتبایە، ئەوا دوور نەبوو بە مەرگی خۆیان تەواو بێت. ئەمە مانای وایە، لێکدانەوەیەکی دیکە لە دەرەوەی شیعر و ئەدەبیات بۆ ڕوانگە و دامەزرێنەرانی کراوە. وەك شێرکۆ بێکەش لە پێشەکی کتێبی هەر سێ ژمارەی ڕوانگە کە دەزگای سەردەم چاپی کردووە دەڵێت:_ ( ڕوانگە تەنها لە ژێر کاریگەریەتی نوێکردنەوەی شیعری عەرەبی و گۆڤارەکانی ئەوسا سەریهەڵنەدا، بەڵکو کۆمەڵێك گۆڕانکاری دیکەی وەك شۆڕشی قوتابییان لە فەرەنسا و شۆڕشەکانی ئەمەریکای لاتین و ئەو کرانەوە و پێشکەوتنەی لە کۆتایی شەستەکان لە سەر ئاستی دنیا هاتە ئاراوە، ڕۆڵیان هەبوو لەوەی ڕوانگە دروست بێت ) ئەمانە هەموویان بە سەریەکەوە، زەمینەیان بۆ ڕاگەیاندنی ڕوانگە و بزووتنەوەیەکی ئەدەبی لەو شێوەیە ڕەخساند. لەو ڕوانگەیەوە گەر سەرنج لە بەیاننامەی ڕوانگەش بدەین، دەزانین کە ڕوانگە هەر تەنها بزووتنەوەیەکی شیعری چەند نووسەرێك نەبوو، بەڵکو پرۆژەیەکی ڕۆشنبیریی و کولتووریش بوو، کە ئامانجی ڕیفۆرمکردنی ئەدەبیات و ئەقڵی باوی کۆمەڵگە و دەرچوون لەو فۆڕمە شیعرییە بووە، کە لەو سەردەمدا وەك ڕووخسارێکی شیعری دیاری قۆناغەکە، لە ئەزموونی شیعری شاعیراندا ڕەنگی دابووەوە . لەو بەیاننامەیەدا هاتووە:_ ( قوتابخانەی

هەولێرنامەی کتێب

ئێمە، قوتابخانەی نەتەوە و ژیانە، قوتابخانەی ڕانەوەستانە لە بزووتن و پێشکەوتن، قوتابخانەی هەڵچوون و یاخیبوونە  لە ڕووی هەر کۆت و زنجیرێکدا کە بیەوێت بەر لە تەقینی کانی ئاواتی لە بن نەهاتووی ئەدەبیمان بگرێت، نە گرتنی وێنەی فۆتۆگرافی و  نە فرمێسك ڕشتنی ڕۆمانتیکییەکانە ) ئەگەرچی بزووتنەوەی ڕوانگە نەیتوانی ئەو دروشمانە، تەرجەمەی واقیع بکات و تا ڕادەیەکی زۆر و ڕیشەیی، گۆڕانکاری لە  ئەدەبیاتی کوردی و شیعری کوردی بە تایبەتی بێنێتە ئاراوە، بەلاَم ئەو خەون و خۆزگانە خۆی لە خۆیدا دەلالەتە لەوەی کە دامەزرێنەرانی ڕوانگە مەبەستیان بوو شێوازێکی دیکە و فۆڕمێکی دیکە لە ئەزموونی شیعری کوردی بێننە ئاراوە، کە لە دەرەوەی ئەو وێنە ڕۆمانتیکی و ڕیالیزمیە بێت، کە لە فۆڕمی شیعری ئەو کاتدا بوونی هەبوو، بەلاَم بە هۆکاری تێکچوونی بارودۆخی کوردستان و هاوکات  ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گرووپە و بانگەوازەکەیان لەلایەن گەلێك لە نەیارانی ڕوانگە، سەرەنجام کۆتای هات و بووە بەشێك لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی و قۆناغێکی زێڕین و درەوشاوە لە مێژووی شیعری کوردیدا ( ئەوان دەیانویست شاعیری کورد لەو قاوغە کلاسیکییە بێتە دەرێ کە دوور پەرێز لە سووچێکەوە دابنیشێت و حەزوو ئارەزووی خۆی بهۆنێتەوە، بەڵکو لە پاڵ شیعر نووسین، وەزیفەی کارگێڕی و شۆڕشگێڕیی و جەنگاوەریشە ) بەمەش گرووپی ڕوانگە، شیعر لە دەرەوەی ئەو فۆڕمە شیعرییە دەبینێت، کە هەرتەنها ڕەهەندێکی ڕۆمانسی و فۆتۆگرافی سادەی هەبێت، بەڵکو شاعیر دەبێ یاخیبوو، ڕۆشنگەر و جەنگاوەرێك بێت لە دژی نەریت و ئەقڵیەتی دواکەوتوو، هەموو ئەو کۆت و بەندانە تێکبشکێنێت، کە دژ بە

ئازادییەکانی مرۆڤن. بێگومان لە ڕووی مێژوویی و دیکۆمێنتارییەوە، ئەوە ساغبۆتەوە کە دامەزرێنەرانی ڕوانگە هەر یەك لە ( جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس، کاکە مەم بۆتانی، حوسێن عارف ، جەمال شارباژێر ) ین. هەموو مێژووی نووسراو و سەر زارەکی ئێمە، ئەوانە بە پێشڕەوانی ڕوانگە دا ئەنێت و لە بەیاننامەی ڕوانگەشدا ناویان هاتووە. بۆیە ئەمە بۆتە مێژوویێکی نەگۆڕ و دیار لە مێژووی قۆناغەکانی شیعری کوردیدا، کە چی دوای پەنجا ساڵ لەو مێژووە، تازە ( عەبدوڵا عەباس ) لە وتارێکیدا کە لە گۆڤاری ( وانەر ) بڵاوکراوەتەوە، دێت و دەیەوێت گومان لەو مێژووە بکات و مێژوویێك لە سەر پشتی ئەو نووسەرە دیارانە، بۆ خۆی دروست بکات، وەك ئەوەی بیەوێت مێژوویێکی نوێ بنووسێتەوە. وتارەکەی ناوبراو، وێڕای ئەوەی هیچ بەڵگە و ئەرگۆمێنتێکی بڕواهێنەری تێدا نییە، هاوکات گومانکردنیشە لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە و خۆ بە پاڵەوان نیشاندانی گرووپەکەیە. هەتا ئێستا، بەلایەنی کەمەوە لەو هەموو کتێب و وتارە بێ شومارانەی من لە بارەی ڕوانگە خوێندوومنەتەوە، لە هیچ شوێنێك باسی ئەو بەڕێزە وەك یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە ناکرێت. عەبدوڵا عەباس، کە نەوەی دوای ڕاپەڕین نایناسن و خۆشی هەتا ئەم ساڵانەی دوایی لە بەغدا هەر لە ڕۆژنامەی هاوکاری بووە، ئاگاداری مێژووی ئەدەبیاتی کوردی دوای ڕاپەڕین نییە، کە چۆن نووسراوەتەوە و کێن و کامانەن دامەزرێنەرانی ڕوانگە، کە ناویان وەك شاعیر و چیرۆکنووس دێت و بزووتنەوەی ڕوانگەیان ڕاگەیاندووە. مێژووی ڕوانگە و دامەزرێنەرانی، دیار و ساغکراوەیە کە کێن، ئیدی خۆ بە پاڵەوانکردن و دەستگرتن بە مێژووی ئەوانیتر لە پێناو

دروستکردنی مێژوویێك بۆ خۆت، ناتوانێت بڕوا پێهێنەر و لۆژیکی بێت، بە تایبەتیش ئەگەر ئەو هەوڵدانە لە ڕووی مێژوویییەوە بێ بەڵگە و ئەرگۆمێنت بێت و پشت ڕاستکراوە نەبیت. نازانم دوای پەنجا ساڵ، بۆچی ئەم بەڕێزە تازە دێت دەیەوێت ئەو مێژووە بشێوێنێت؟ کە هیچ کام لە نەمران ( شێرکۆ بێکەس، جەلالی میرزا کەریم، کاکە مەم بۆتانی ، جەمال شارباژێڕی ) لە ژیاندا نەماون، کە دڵنیام ئەگەر ئەوان بمابان، قسەیەکی تر و هەڵوێستێکی تریان دەبوو. بە داخەوە لەم ساڵانەی دواییدا، هەوڵدان بۆ خۆ بە پاڵەوانکردن و سڕینەوەی مێژووی ئەوانیتر، چ لە ڕووی سیاسی، چ لە ڕووی ئەدەبی بێت، بۆتە نەریتێکی خراپ لە نێو ئێمەدا، بەو مانەیەی باسی کەسێك دەکرێت کە خۆی لە ژیان نەماوە، تا دەرفەتی وەڵام و بەرگری لە خۆی هەبێت. بەمەش ئێمە لە بەردەم گوتنێك داین، کە مافی خۆمانە گومانی لێ بکەین و بە ناڕاستی بزانین. نووسەر لەو وتارەیدا، هیچ ئەرگۆمێنتێکی نووسراو ناخاتە ڕوو، کە پشتڕاستی ئەوە بکاتەوە کە ئەویش ڕۆڵی هەبووە لە دامەزراندنی ڕوانگە. تەنێ پشت بە گێڕانەوەی زارەکی و یادەوەری دەبەستێت، ئەمانەش کۆمەکی مێژووی نووسراو ناکەن و نەك هەر پشتیان پێ نابەسترێت، بەڵکو زۆر لە خەڵکی بە هەڵبەستراویشی دەزانن. عەبدوڵا عەباس، لە نووسینەکەیدا باس لەوە دەکات کە جەلال، نەهاتۆتە ژێر باڵی پێشنیارێکی ئەو، کە وتوویەتی بەیاننامەیەك ڕابگەیەنن، کەواتا پرسیار ئەوەیە، بۆچی پێشنیارەکەی ئەوی ڕەت کردۆتەوە، بەڵام ئامادەبووە لەگەڵ شێرکۆ و کاکە مەم بۆتانی واژۆی بەیاننامەکە بکات و ڕایبگەیەنێت؟ ئەمە مانای وایە هەر لە بنەڕەتەوە شتێك نەبووە بە ناوی نوێکردنەوە و

بەیاننامەی شیعری و ڕوانگە، تا ئەو کاتەی ئەو گرووپە ڕوانگە ڕا دەگەیێنن و خۆیان وەك دامەزرێنەرانی ڕوانگە دەناسێنن. لە کۆتاییدا دەڵێم: دوای ئەو هەموو ساڵە لە ڕوانگە و مردنی چوار لە دامەزرێنەرانی، ئەو مێژووە بە گێڕانەوەیەکی زارەکی نە نوێ دەکرێتەوە، نە دەسڕێتەوەش. مێژوو ئەوەیە کە ڕوویداوە نەك ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێت. کەسانێك هەن مێژوو دروستی کردوون، کەسانێکی دیکەش هەن دەیانەوێت مێژوویێك بۆ خۆیان دروست بکەن، نووسینەکەی عەبدوڵا عەباس لە جۆری دووەمە، چونکە هیچ لۆژیکێك لەوە دانییە، دوای پەنجا ساڵ زیاتریش، تازە بێیت لە بارەی مێژووی قۆناغێکی ئەدەبی ئێمەوە بنووسیت و گومان بکەیت، کە بۆتە مێژوویێکی نووسراو، ئەرگۆمێنتکراو و چەسپاو لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردیدا. تازە ئەو نووسەرە پێی خۆش بێت یان نا، کەس بە دامەزرێنەری ڕوانگەی نازانێت، بۆیە باشتر وایە دەست بە مێژووی ئەوانیتر نەگرێت! بێگومان حیکایەتی بارەبەر و گوێدرێژەکەش کۆمەکی ناکەن، وەك ئەوەی ئەو لە نووسینەکەیدا بۆ لێدان لە ڕوانگەیەکان بە داخەوە هۆنیویەتییەوە، کە نازانم چۆن بوێری ئەوەی هەبووە، ئەم باسە بێ مانایە تێکەڵ بە نووسینەکەی بکات.

* پەراوێز: هەرسێ ژمارەی گۆڤاری ڕوانگە، کتێبی چاپکراوی دەزگای سەردەم زنجیرەی ٥٧٢ ساڵی ٢٠١١.

* ئەم بابەتە لە ژمارە (١٣٧) ی پاشکۆی هزر و هونەری ڕۆژنامەی خەبات، ڕۆژی ٢٤/ ٨ / ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتەوە.

# ڕوانگە ناوێکی زێڕین لە سەردەمێکی زێڕیندا

٧

هەواڵنامەی کتێب

ڕێکەوتننانەمەی یانزەی ئازاری ساڵی ١٩٧٠، کە بەری خەبات و تێکۆشانی شۆڕشی مەزنی ئەیلول بوو، هەر تەنها لە ڕووی سیاسی و کارگێڕییەوە، دەسکەوتێکی گەورە نەبوو بۆ گەلی کورد، بەڵکو لە ڕووی کولتووریی و فەرهەنگیشەوە بایەخی خۆی هەبوو، چونکە لە پەراوێزی ئەو قۆناغەی ئاشتییەوە، چەندان نێوەند و دەزگای فەرهەنگی و بڵاوکراوەی ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی دەرچوون، کە گرووپی ڕوانگە یەکێك بوو لەوان، کە لە شێوەی مانفێستێك و لەلایەن چەند شاعیر و چیرۆکنووسێکەوە ڕاگەیاندرا. ئەم گرووپە لەلایەن هەریەك لە ( شێرکۆ بێکەس ، جەلالی میرزا کەریم ، کاکە مەم بۆتانی حوسێن عارف ، جەمال شارباژێڕی ) ڕاگەیاندرا. کە بەیاننامەیەکیان بە واژۆی خۆیان بڵاو کردەوە. ئەم بەیاننامەیە، باشترین ئەرگۆمێنتی مێژوویی و ئەدەبییە کە دەیسەلمێنێت جگە لە وان کەسیتر دامەزرێنەری ڕوانگە نەبووە و ئەوانەشی دوای پەنجا ساڵ لە بێ مێژوویی خۆیان، دێن مێژوویێکی وەهمی لە سەر مێژووی دامەزرێنەرانی ڕوانگە بۆ خۆیان دروست دەکەن، ئەگەر وەك خۆیان دەیڵێن ئاگادار و دامەزرێنەری ڕوانگە بان، ئەوا دەبوو وەك ئەو پێنج ئەدیبە، ناویان بە سەر بانگەوازەکەوە بێت. بێگومان مێژووی هەر ڕووداوێك، گرووپ و ڕێکخراوێك، پێویستی بە بەڵگە و ئەرگۆمێنت هەیە، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، کاتێ دامەزرێنەرانی ڕوانگە، دوای پەنجا ساڵ لەو گرووپە و بوونی بە بەشێك لە مێژووی ئەدەبی ئێمە، لە هیچ دیمانە و نووسین و یادکردنەوەیەکدا، ناوی نووسەر و شاعیرێك ناهێنن کە ڕۆڵی لە دامەزراندنی ڕوانگە هەبوو بێت، ئەمە

مانای وایە بە کرداری ئەو شاعیرە یاخود نووسەرە، لە دەرەوەی ڕووداوەکان بووە، ئیدی خۆ بە پاڵەوانکردنی ڕووداوەکان لە دوای پەنجا ساڵ، نەك هەر شوێن و جێی خۆی ناگرێت، بگرە جۆرێك لە بێ ئاگایی لە ڕووداوەکانیش لێك دەدرێتەوە. لە هەموو ئەو کتێب و تێزە ئەکادیمییانەی لە بارەی ڕوانگەوە نووسراون، دامەزرێنەرانی ڕوانگە دیار و ناسراون. هەموو نەوەکانی ئەدەبی کوردی بە نەوەی دوای ڕاپەڕینیشەوە، دەزانن کێ بوون دامەزرێنەرانی، کەی و چۆن و لە چ سەردەمێکدا و بۆچی دامەزرا ؟ ئیدی ئەوانەی دەیانەوێت دوا پەنجا ساڵ، مێژوو بە لنگە و قووچی بنووسنەوە و گومان لە ڕاستییەکی مێژوویی بکەن، دەبێ بزانن تازە بەری خۆر و هیچ کاتێکیش بەری خۆر بە بێژینگ ناگیرێت. هیچ نەبێت نەوەکانی ئەدەبی کوردی پرسیاری ئەوە دەکەن، ناوی ئەم شاعیرە، یان نووسەرە، کە دوای پەنجا ساڵ،دەیەوێت خۆی وەك دامەزرێنەری ڕوانگە بناسێنێت، بۆ بە سەر بانگەوازی ڕوانگەوە نییە، ئەگەر ڕۆڵێکی لە دروستکردنیدا هەبووبێت؟ ئەوانەی ڕوانگە بە دێی وێران و هێلکەی پیس ناو دەبەن، زۆر بە ڕاشکاویی دەڵێم، ئێرەیی بە میراتی شیعریی و ناوبانگی ئەدەبی دامەزرێنەرانی ڕوانگە دەبەن، شاعیرێکی وەك جەلالی میرزا کەریم، لە پێش ڕوانگە و لە سەردەمی ڕوانگەشدا، جۆرێك لە ئایدیا و زمانی شیعری تازە و نوێ لە شیعرەکانیدا بەرجەستە دەکات، کە زۆر لە شاعیرانی کورد لە کۆتایی هەفتا و سەرەتای هەشتاکاندا، بەر ئەو زمانە نوێیە دەکەون. بەشێکی هەرە گەورەی مێژووی برینداری نەتەوەیی ئێمە، لە شیعرەکانی شێرکۆ بێکەس بەر جەستە دەبێت. بە هەزاران پێشمەرگە، خۆزگەی ئەوەیان دەخواست شەهید بوونایە، تا

ئەم شاعیرە شیعرێکیان بۆ بنووسێت. ڕوانگە و مێژووی ئەدەبی دامەزرێنەرانی ڕوانگە لەوە دیارتر و ئەرگۆمێندارترە، بە بۆچوونی تازەی شاعیرێك دوای پەنجا ساڵ، لێڵ بێت و بسرێتەوە. لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، جگە لە ڕوانگە چەندین گرووپی دیکەش هەبوونە، بەلاّم بە بەراورد بە ڕوانگە کێ ئەم گرووپانە دەناسێت؟ مەگەر بژاردەیەکی کەمی ئەدیبان نەبێت. کێ دەزانێت ( تەلیعییەکان ) کێ بوون ؟ ( گرووپی کفری ) چییە؟ (سەراب و وێران و جوایەزەکان ) کێ بوون؟ بەلاّم کەس هەیە ڕوانگەیەکان نەناسێت؟ ئایا ئەم مێژووە، بە هۆنینەوە و وەهم دروستکراوە؟ یان لە بنەڕەتدا ئەو مێژووە بە واقیعی بوونی هەبووە؟ بێگومان ئەم گرووپانە، ڕەنگە بەشێکییان لە ڕووی گوتاری ئەدەبییەوە وەك ڕوانگە بووبن، بەلاّم نەناسراون، یاخود لە پەراوێزی مێژوودا ماونەتەوە، ئەمە بۆچی وایە؟ لە بەر ئەوەی مێژووی ڕوانگە و دامەزرێنەرانی و کاریگەری ئەو گرووپە بە مێژووی شیعری کوردی و ئەدەبی کوردی بە گشتی، دیارە و بۆتە بەلگەیەك کە هیچ گومانێك هەلّناگرێت، بۆتە مێژوویێکی نووسراو و دیار. ڕوانگە بۆ کات و سەردەمی خۆی، گۆڕانکارییەکی گەورەی ئەدەبی بوو، گۆڕانکارییەك کە کات و سەردەمی بەسەر چووە، بەلاّم وەك مێژوو، وەك ناو، وەك ڕۆڵیان لە ئەزموونی شیعری کوردیدا، هاوتەریب لەگەلّ هەموو قۆناغەکانی شیعری کوردیدا دەمێنێتەوە و لە بیر ناکرێت.

## ئایا ڕوانگە ناوی زل و دێی وێران بوو؟!

هەواڵنامەی کتێب

بە بڕوای من، ناونیشانی کتێبەکەی عەبدوڵا عەباس، ( ڕوانگە ناوی زل و دێی وێران ★) (١) بە تەنها بەسە، بۆ ئەوەی ئێمە لە جیهانبینی و ڕوانینی ئەم نووسەرەی نەوەی هەفتاکان، بۆ ڕوانگەیەکانی هاوڕێی بگەین، چونکە ئەم ناونیشانە، بە ئاشکرا پێمان دەڵێت کە ئەم، ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە دیار و بەرچاوەی سەردەمی خۆی، ڕەت دەکاتەوە لە کاتێکدا گۆمی مەنگی ڕۆشنبیری کوردی شڵەقاند و چەندین توێژی کۆمەڵگە، بە گژ ئەو دروشم و دنیابینییە نوێیەی ئەو گرووپە هاتنەوە، کە بانگەوازی ڕوانگەیان ڕاگەیاند، تا ئەو ڕادەیەی مەترسی لە سەر ژیانیشیان دروست بوو، وەك ئەوەی شێرکۆ بێکەس لە چەندین دیمانە باسی کردووە. بێگومان ئەم ناونیشانە، دەلالەت لە ڕق و ڕەت کردنەوە، کەمکردنەوە و بێ بەهاکردنی ئەدەبی ڕوانگەیەکان دەکات، بەڵام پرسیار ئەوەیە، ئاخۆ ئەم ناونانە، هیچ لە بەهای ئەدەبی ئەو گرووپە و دامەزرێنەرانی کەم دەکاتەوە؟ ئایا تازە دەتوانێت ئاراستەیەك لای نووسەران و ئەدیبان و نەوەی نوێی دوای ڕاپەڕینیش دروست بکات، کە بەم شێوەیە بڕواننە ڕوانگە؟ دیارە پێشتریش، شاعیرێك ڕوانگەی بە هێلکەیەکی پیسی هەڵنەهاتوو ناو بردبوو، ئەم جۆرە ناوبردنانە، کە پێ دەچێت لە پەراوێزی گەورەیی و دیاریی شوناسی شیعری ڕوانگەیەکان دەرببڕدرێت، ناتوانێت هیچ لەو ڕاستییە بگۆڕێت کە ڕوانگە، ناوێکی زێرین و لە سەردەمێکی زێڕینیش بوو. ڕوانگە نە دێی وێران بوو،

---

★ سەرنج: ڕێنووسی کتێبەکەی نووسەرمان وەکو خۆی نووسیوەتەوە.

نه ناوی زل، نه هێڵکەی پیس، بەڵکو شوناسی ئەدەبی و ڕووناکبیری بە نووسەرانێك بەخشی، کە ئێستاش لە لووتکەی شیعری کوردی دانە و گەر ناوی شێرکۆبێکەس بێت، دەبێ بڵێین ئەوانەی بێ بە هایانە دەڕوانند ڕوانگە، دەبێ لە پەراوێزی شوناسی ئەوەوە ناویان بێت. ڕوانگەیەکان، هەبوون و دەشمێنن، ڕاستە مانفێستە شیعرییەکە بۆ سەردەم و قۆناغێك بوو، بەڵام دوا جار مێژوو، شوناسی ئەو بزووتنەوەیە بە نەمری مایەوە. لە دوای ڕوانگە و لە داهاتووشدا، دەشێ گرووپ و مانفێستی دیکەی شیعری ڕابگەیەنرێن و بنووسرێن، بەڵام بڕوام وایە، هیچ کام لەمانە نەیتوانیوە، هاوتەریب لەگەڵ مێژوو بڕۆن و وەك بەشێك لە مێژووی شیعر و ئەدەبیات بمێننەوە. بۆ نموونە: تەلیعییەکان، کۆمەڵە شاعیرێك بوون کە لە سەرەتای هەشتاکانەوە بەو ناوە ناسران، گرووپەکانی وێران و سەراب و جووایەز، لە دوای ڕاپەڕینەوە دروست بوون، هەر یەك لە مانە گرووپی ئەدەبی چالاك بوون و کەسانی پڕ مەعریفە و ڕۆشنبیر تیایدا کاریان دەکرد، بەڵام ئێستا کێ ناوی ئەوانەی بە بیر ماوە، کە تەنها چەند ساڵێك لەمەو بەر بوو؟ کێ دەزانێت ئەمانە چیان کرد؟ بەڵام کاتێ باسی ڕوانگە دەکەین، هەمووومان دەزانین ڕوانگەیەکان کێ بوون و چ گۆڕانکاریەکییان لە سەردەمی خۆیان، لە ڕەوتی شیعری کوردی هێنا ئاراوە، کە مانفێستەکەیان هەر تەنها ڕاگەیاندنێکی شیعریی نەبوو، بەڵکو هەوڵێکی ڕیفۆرمخوازانەی هەمەلایەنە بوو لە کۆمەڵگەدا، کە دواجار مەترسی بۆ سەر ژیانیان دروستکرد. بۆیە ناونانی ڕوانگە بە دێی وێران، پتر سەرچاوەکەی لە ڕق و تووڕەییە، لەوەی لێکدانەوەیەکی ئەدەبی و مێژوویی بێت بۆ ئەو گرووپە.

هەولێنامەی کتێب

نووسەر لە باسی یەکەمی کتێبەکەیدا، بە ناوی وەستان لە سەر بە هەڵە بۆچوونەکانی صدیق سەعید ڕواندزی، بە کورتی سەربوردەیەکی زارەکی لە بارەی ڕوانگە و دامەزراندنی ئەو گرووپە باس دەکات و دەنووسێت:_ **( بە صدق و ئەمانەتەوە دەڵێم روانگە پێشنیاری فازل عەزاوی بوو بۆ من و جەلالی میرزا کەریم)** (٢) بێگومان ئەگەر بیرۆکە و پێشنیاری گرووپێکی لەو شێوەیە، سەرەتا هی ئەوان بوو بێت، بۆچی ئەوان دەستپێشخەر نەبوون و بەرلە وان ڕوانگەیان ڕانەگەیاند؟ بۆچی گەلاڵەنامەی کاری ئەدەبی خۆیان دایە ڕوانگەیەکان و ئەوانیش وەك بەیاننامەیەك ڕایانگەیاند؟ ئەمە لەلایەك، لەلایەکی دیکەوە، پەندێکی کوردی هەیە دەڵێ :_( قسە هەژارە هەموو کەس پێی دەوێرێت ) ئەم جۆرە گێڕانەوە زارەکییانە، نە لە من و نووسەر، نە لە هیچ کەسێك وەرناگیرێت، لە بەر یەك هۆکاری زۆر سادە ئەویش ئەوەیە، کە قسە نابێتە ئەرگۆمێنتی زانستی و مێژوویی بەڵگەدار، بۆیە دەکرێ بپرسین، بەڵگەی نووسەر چییە کە بیرۆکەکە هی ئەوان بووە، لە کاتێکدا هەر یەك لە عەزاویی و جەلالی میزا کەریم لە ژیان نەماون تا پشتڕاستی قسەکانی بکەنەوە. بفەرموون بە یەك پارچە کاغەز، بە یەك وشە، ڕستە، پەرەگراف، نامە، ئەو بۆچوونەی خۆتان بسەلمێنن بۆ ئەوەی ئەو مێژووەی گوایا ئێوە دەڵێن شێوێنراوە ڕاست بکرێتەوە ! بێگومان بۆ ساغکردنەوەی هەر تێکستێکی نووسراو، یان ڕووداوێکی مێژوویی و سیاسی و ئەدەبی، دەبێ بەڵگەی ساغکەرەوە و ئەرگۆمێنتی مێژوویی لە بەردەست بن، کە بیسەلمێنن ئەوەی لە بارەی ئەو ڕووداوە دەگوترێت، لە ڕووی بابەتی و مێژووییەوە ڕاست و دروستە، دەنا بە تەنها گێڕانەوەی سەر

زارەكی، نابێتە ئەرگۆمێنتێكی بەهێز، بۆ ساغكردنەوەی هەر بابەتێك، بەو پێیەی گێڕانەوەی سەر زارەكی لە ڕووی مێژووییەوە، ناچێتە خانەی زانستی و بەڵگەییەوە و دەشێ ئەوەی ئێستا دەگوترێت ، دوای پەنجا ساڵی تر بەشێوەیەكی دیكە بگێڕدرێتەوە. بۆیە دەبێت بە ئاگاییەوە لە بارەی ساغكردنەوەی مێژوویی لایەنە شاراوەكانی ئەدەبی كوردی و تەنانەت مێژووییش بدوێین و بنووسین، تاكو ئەوەی دەیڵێین جێی بڕواهێنان و یەكلاییكردنەوە بێت. لە بەرانبەر ئەمەدا، ئەوەی دەیسەلمێنێت كە ڕوانگەیەكان هەر تەنها ئەوانە بوونە، ئەوا خودی بەیاننامەی گرووپەكەیە، كە هیچ گومان و پرسیارێك لەو بارەوە ناهێڵێتەوە، چونكە ئیدی ئەمە بۆتە مێژوو. ئەوانەی لە دەرەوەی ئەو بەیاننامەیە بانگەشەی ئەوە دەكەن كە ڕوانگە هی ئەوان بووە، یان ئەوان ڕۆڵی سەرەكییان لە ڕاگەیاندنی هەبووە، ناتوانرێت لە ڕووی مێژووییەوە بسەلمێنرێت. ئێمە كە دەڵێین جگە لەمانە، كەسیتر لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە نەبووە، ئەوە ئێمە نین وا دەڵێین، بەڵكو مێژووە وا دەڵێ، ئایا بە ویست و ئارەزووی خۆمان و چۆنمان بوویت دەتوانین هەر كاتێك ویستمان بۆ بەرژەوەندی خۆمان دەستكاری مێژوو بكەین؟ مێژوویێكی پەنجا ساڵە، هەڵبگێڕینەوەو بنووسینەوە؟ بۆیە لە بەیاننامەكەی ڕوانگە كە لە ٢٥/ ٤/ ١٩٧٠ بلاوكراوەتەوە، بە شێوەیەكی ڕەهاو یەكلاكەرەوە ئەوە ڕوونكراوەتەوە كە كێ ڕوانگەی دامەزراندووە. لە خودی بەیاننامەكەشدا، كاتێ بانگەوازی یەكگرتنی قەڵەمە نەترسەكان دەكەن، خواستێك هەبووە كە ئەم گرووپە فراوانتر بكرێت و زەمینە لە بەردەم ئەدیبانی دیكەش بڕەخسێت تاكو تیایدا بە شدار بن، بەلام پێ دەچێ لە بەر هەر

هۆکارێك بێت، ئەمانە بە تەنها مابنەوە، بە تایبەتیش ڕوانگە و بەیاننامەکەی، دۆخێکی هێنا ئاراوە، کە وەکو وتمان لە ڕووی سیاسیی و ئایینییەوە، دژایەتی گەورەی گرووپەکە بکرێت و وەك شێرکۆ بێکەس لە دەیان شوێن باسی کردووە، ئەگەر هاتنە ناوەوەی شەهید فرەنسۆ هەریری نەبووایە، ئەوا مەلاکان و ئەقڵیەتی دواکەوتوویی ئایینی ئەو سەردەمە، پرسەکەیان بە مەرگی ئەو پێنج ئەدیبە تەواو دەکرد. نووسەر هەر لە درێژەی ئەو باسەیدا، بۆچوونێکی سەیر لە هەنبەر ئێمە دەردەبڕێت و دەنووسێت:_ ( **پێدەچێ کاك صدیق و ژمارەیەکی بەرچاوی خوێنەران کە هەواداران و باوەڕبووی ئەو ڕستە عەنتیکانەیەن، ئەمجۆرە وەسفە دەستکردانە سۆزیانی جولاندوە و ڕوانگەیان وەك زۆر درۆی دی بەری ختوکەی عاتیفە لایان پیرۆز بووە)** (٣) هیوادارم نووسەر، یەك درۆ لەو درۆیانە وەك نموونە بێنێتەوە، کە ئێمە سۆزمان پێی جوولاوە ! بە درێژایی هەموو ئەو ساڵانەی ئێمە لە نێو دنیای نووسین و خوێندنەوە دابووینە. ڕەنگە کەسانێك کە ئێمە لە نزیکەوە نەناسێت، باوەڕ بەو قسەی نووسەر بکات و ئەو تێگەیشتنەی بۆ دروست بێت، کە ئێمە تەنها بە دوای قسەی عەنتیکە و درۆین، بۆ ئەوەی عاتیفەمان بجووڵێت! وەك ئەوەی زۆر بێ ئاگا بین. من کە هەموو ژیانم خوێندنەوەیە، شەو و ڕۆژ سەرم لە نێو کتێبدایە، بە تەنها لە ساڵی ڕابردوو سەدو هەفت کتێبم خوێندۆتەوە، نەك هێندە ساویلکە و بێ ئاگا نین تا نووسەر بەم شێوەیە وەسفمان بکات ، بەڵکو لەوە هوشیارتریشین گێڕانەوەیەکی گوماناویی پڕ لە ئێرەیی و دەستگرتن بە مێژووی درەوشاوەی ڕوانگەیەکان، وەك ئەوەی ئەو، چەواشەمان بکات و بە ئاسانی بڕوا بە

هەر شتێکی بێ بەڵگە بێنین، کە دەگوترێت و دەنووسرێت. ئێمە کە دەڵێین بۆچی دوای پەنجا ساڵ، عەبدوڵا عەباس  دەیەوێت مێژووی ڕوانگە بە ئارەزووی حۆی بنووسێتەوە کە بووەتە ئەرگۆمێنت، وەك نەوەی دوای ڕاپەڕین و خوێنەرێکی بە ئاگا لە مێژووی شیعری کوردی، مەبەستمانە وەڵامێکی لۆژیکی پرسیارەکەمان بداتەوە، نەك ئەوەی ئێمە بە ناو هێنانی ڕوانگە، باڵ بگرین و سۆزمان بجووڵێت و عەنتیکانە باوەڕ بە هە موو شتێك بێنین. کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە نووسەر، هاوکات ڕۆژنامەنووسێکی دیارە و زیاتر لە سی ساڵ سەرنووسەری هاوکاری بووە، بەلاّم ئەمە پرسێکی ڕۆژنامەنووسییە نەك ئەدەبی، وەك ئەوەی دەیان کەس لە بێ ئاگایی و نەزانیان بۆ ئێمەیان دەنووسی هەر کەسێك نکۆڵی لە ناوبراو وەك ڕۆژنامەنووسێکی دیار بکات، هەڵەیە و بێ ئاگایە لە مێژوو. ئێمە مانان، بەلایەنی کەمەوە تا ئێستا دەیان کتێب، سەدان وتارمان لە بارەی ڕوانگە خوێندۆتەوە، لە هیچ کامێکیان باس و خواسێك لەوە نییە، کە ناوبراو ڕۆڵی هەبێت لە دامەزراندنی ڕوانگە، تۆ بڵێی ئەم سەرچاوانە هەموویان هەڵە بن و تەنێ گێڕانەوە بێ بەڵگەیی و زارەکییەکەی ئەو ڕاست و جێی بڕوا هێنان بێت؟ نووسەر باس لەوە دەکات کە ڕوانگەیەکان، کاتێ ڕاپەڕین دروست بوو، ئەم هەلەیان قۆستەوە کە چۆنیان بوویت بەم شێوەیە مێژووی ڕوانگە بە ئارەزووی خۆیان بنووسنەوە. هەڵبەتە ئەم بۆچوونەی نووسەر مایەی پرسیار و گومانە چونکە :_

یەکەم:_ ڕوانگە دوای ڕاپەڕین دانەمەزراوە، تاکو مێژووەکەی لە دوای ڕاپەڕین بنووسرێتەوە، بەڵکو سی ساڵ بەر لە ڕاپەڕین گرووپەکە دروست بووە.

دووەم:_ بەیاننامەکەی ڕوانگە، دەیسەلمێنێت کە کێ بوون ئەوانەی ڕوانگەیان ڕاگەیاند.

سێیەم:_ لە هەموویان بەرچاوتر ئەوەیە، کە نووسەر لەو وەڵامەی پێشتر بۆ نووسینەکەی ئێمەی نووسیوە دەڵێت:_ ( ڕاستە ئێمە لە سەردەمی ڕاپەڕین هەر لە بەغدا بووین، بەڵام ئاگاداری هەموو ئەو بڵاوکراوە و کارە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییانە بووین کە دەکران و پەیوەندییەکی بە هێزمان لەگەڵ سەرجەم نووسەران هەبوو ) ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونەیەتی، کە گوایا ئاگاداری ئەوە نەبووە دوای ڕاپەڕین چۆن مێژووی ڕوانگە نووسراوەتەوە و چۆن باسی ڕوانگە کراوە. دواتر دەبێ ئەو ڕاستییە بزانین، نووسینەوەی مێژووی هەر ڕووداوێك بە زارەکی ناکرێت، بەو مانایەی کە گوایا نووسەر وا لێکی دەداتەوە کە ڕوانگەیەکان بە ئارەزووی خۆیان مێژوویان نووسیوەتەوە و شێواندووە، ئەمە لۆژیکی و بابەتی نییە، چونکە ئەوە ئەو پێنج ئەدیبە نین بانگەشەی ئەوە دەکەن کە ئەوان ڕوانگەیان دامەزراندووە، بەڵکو ئەوە بەڵگەی نووسراو، مێژووە ئەم کارەی ئەوان ساغ دەکاتەوە و دەیسەلمێنێت، بۆیە تازە نەدەتوانرێت ئەو مێژووە هەڵبگێڕدرێتەوە، نە کەسی دیکەش دەتوانێت لە پەراوێزی گێڕانەوەیەکی زارەکی بێ بەڵگە، خۆی بکاتە پاڵەوانی کارێك کە لە بنەڕەتدا لەگەڵی نەبووە، بەو پێیەی ناوی لە سەر بانگەوازەکەی ڕوانگە نییە. قسەکردن لە سەر مێژوویێکی نووسراو دوای پەنجا ساڵ،

کە بۆتە بەشێکی سەرەکی لە ئەرشیف و مێژووی ئەدەبی کوردی، بەهانای کەسەوە نایەت تاکو مێژوویێك بۆ خۆی دروست بکات، چونکە مێژوو ناهۆنرێتەوە، ئەوەیە کە هەیە و ڕوویداوە. لەو سۆنگەیەشەوە ڕوانگە و دامەزرێنەرانی، دیار و بەرچاون، دەزانرێت کێ بوون؟ ئامانجیان چی بوو؟ بۆچی و لە کام هەلومەرجی سیاسی و ئەدەبی سەریهەڵدا؟ چەند توانی ببێتە بژاڤێکی تازەی شیعری لە مێژووی شیعری کوردیدا؟ بۆیە باشتر وایە، نووسەر دەست لەو هۆنینەوانە هەڵبگرێت، کە کۆمەکی ناکەن، تاکو ئێمە وەك ڕوانگەیەك بیناسین و بیخەینە ڕێزی شێرکۆ و حوسێن عارف. قسەکردن لە سەر مێژوو، ڕەت کردنەوە و ساغکردنەوەی، بە قسەی زارەکی نابێت، بەڵکو بەڵگەی دەوێت، کە ئەگەر نووسەر بەڵگەیەکی لەو شێوەیەی هەبووایە، دڵنیام پەنجا ساڵە بێ دەنگ نەدەبوو، ئێستا بێت ڕوانگە بە دێی وێران ناوبەرێت.

# بەڵگەی بێ گەواهی !

کتێبی مەولانامە

نووسەر لە کتێبەکەی خۆیدا، چەند نامەیەکی کەسی وەك بەڵگەی پەیوەندی خۆی لەگەڵ نووسەران بڵاوکردۆتەوە و دەیەوێت وا لە خوێنەران بگەیەنێت، کە ئەمە بەڵگەکانیەتی کە بەشێك بووە لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە، کە لە ڕاستیدا بەڵگەی بێ گەواهین، بەو پێیەی ناوەڕۆکی ئەو نامانە، هیچ پەیوەندییان بە ڕوانگەوە نییە و بە یەك وشە و دەربڕینیش لەو نامانەدا، ناوی ڕوانگە نەهاتووە. ئەم نامانە، بۆ سەروبەندی ئەو کاتانە دەگەڕێتەوە، کە عەبدوڵا عەباس، لە ڕۆژنامەی هاوکاری کاری کردووە، ئیدی بەشێك لە شاعیران و چیرۆکنووسان و نووسەران، لە ڕێگەی ئەو نامانەوە، سۆراغی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی خۆیانیان لە ناوبراو کردووە، یاخود پرسیاری ئەوەیان کردووە کە بابەتەکە گەیشتووە؟ بۆچی بڵاو نەبۆتەوە؟ بێگومان ئەم نەریتە ڕۆژنامەوانییە، بە ئێستاشەوە بەشێکە لە کارکردنی نووسەران و نامەی زۆر ئاسایین و ناچنە خانەی بەڵگەی ئەدەبییەوە. ئێمە زۆرجار کە بابەت بۆ بڵاوکراوەیەك دەنێرین، سۆڕاغی دەکەین بزانین گەیشتووە؟ بڵاو دەبێتەوە؟ ئەمە لە دنیای ڕۆژنامەگەریدا، کارێکی زۆر ئاساییە و پێشتر بە نامەی کاغەزی دەکرا، ئێستا بە نامەی ئەلیکترۆنی و پەیوەندی تەکنەلۆژی. بۆیە گەر سەرنج لەو نامانە بدەین، دەبینین دوور و نزیك، بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ، بە یەك وشەش پەیوەندییەکیان بە ڕوانگەوە نییە و بڵاوکردنەوەیان لە کتێبەکەیدا، هیچ بەڵگەیەك ناخاتە سەر پەیوەندی ئەو بە ڕوانگە. گریمان ئەگەر مەبەستیشی ئەوە بوو بێت، کە ئەو لە پشتەوەی ناساندنی زۆر لە نووسەر و شاعیرانی کورد لە هەفتاکان بووە وەك ئەوەی بەردەوام باسی دەکات،

ئەوا دەبێ بزانین کە وەك ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەری بڵاوکراوەیەك، بابەتی ئەم نووسەرانەی بۆ هاتووە تا بڵاویان بکاتەوە، نەك ئەو شوناس و مێژوویێکی ئەدەبی بۆ دروست کردبن. نکۆڵی لەوە ناکرێت، کە نووسەر زیاتر لە سی ساڵ لە ڕۆژنامەی هاوکاری بووە، بە دەیان پەیوەندی و یەکترناسینی لەگەڵ نووسەران هەبووە، ئەمە بابەتێکی دیکەیە و نابێ تێکەڵ بە ڕەهەندی مێژوویی و ئەدەبی ڕوانگە بکرێت. ئێمە لە وتارەکەماندا دەستگرتن بە مێژووی ئەوانیتر، کاتێ باس لەوە دەکەین، کە ئەم نووسەرە هیچ پەیوەندییەکی بە ڕوانگەوە نەبووە، بە داخەوە دەیان پۆستەچی و کۆمێنتچی نێو فەیسبووك، کە لە ڕاستیدا تەنها کارەکتەری نێو شاشەی مۆبایلەکانیانن نەك نێو لاپەڕەی کتێب و خوێندنەوەی مێژوو، ئێمەیان بە بێ ئاگا و بێ ویژدان ناو زەد کردبوو، گوایا هەر کەسێك نکۆڵی لەوە بکات، کە عەبدوڵا عەباس لە هاوکاری کاری کردووە و ڕۆژنامەنووسێکی دیار بووە، بێ ویژدانە و ئاگای لە هیچ نییە. ئەمەیە دەڵێن ( ئاش لە خەیاڵێك ئاشەوان لە خەیاڵێکی دیکە ) کەس نییە ئاگای لە مێژووی هەفتاکانی ڕۆژنامەنووسی کوردی نەبێت و ناوی عەبدوڵا عەباسی وەك سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسێکی دیاری ئەو کات نەبیستبێت، ئێمە مەبەستمان لەوە نییە و نەبووە، بەڵکو دەڵێین کەس ئەم نووسەرە، وەك ڕوانگەیەك و یەکێ لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە ناناسێت. بۆ ئەمەش سەدان وتار، دەیان کتێب و گێڕانەوەی مێژووی هەن، وێرای بەیاننامەکەی ڕوانگە کە هیوادارم ئەمانە بگەڕێنەوە سەری و بیخوێننەوە، بۆ ئەوەی بواری ئەدەبی و ڕۆژنامەنووسی لە یەکتری جیا بکەنەوە.

## ڕوانگەیەکان دەدوێن !

هەواڵنامەی کتێب

سەرەتا دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، کە مەبەستی ئێمە لە ڕوانگەییەکان دەدوێن، خودی دامەزرێنەرانی ڕوانگە نین، کە بە داخەوە هەموویان مردوون و تەنها یەکێکیان بە تەندروستییەکی خراپەوە لە ژیان ماوە. ئەمانە نە پێویستیان بە گەنجێکی دوای ڕاپەڕینی وەك ئێمەیە تا بەرگریان لێ بکات، نە کەسیش دەتوانێت ئەو مێژووە درەوشاوەی ئەوان بشێوێنێت، بەڵکو مەبەستی ئێمە لە بەشێك لەو باس و بابەتانەیە، کە باسی ڕوانگە دەکەن، کە بۆچی دامەزراو کێ بوون لە دامەزرێنەرانی؟ بێگومان دیارترین و بەهێزترین ئەرگۆمێنتی مێژوویی، کە دەریدەخات ڕوانگەیەکان کێ بوون، خودی ئەو بەیاننامەیە کە لە ٤/٢٥/ ١٩٧٠ (٤) ڕاگەیاندراو لە ژمارە یەکی گۆڤاری ڕوانگەش بلاّوبۆتەوە. ئەم بەیاننامەیە، کە ناوی هەر یەك لە نەمران ( جەلالی میرزا کەریم، شێرکۆ بێکەس ، کاکە مەم بۆتانی، جەمال شارباژێڕی ) و چیرۆکنووس (حوسێن عارف) ی بە سەرەوەیە، دەریدەخات کە تەنێ ئەمانە ئەو بەیاننامەیان دەرکردووە و واژۆ کردووە. جگە لە مانە، کەسیتر ناوی بە سەر بەیاننامەکەوە نییە. لێرەدا گرنگە ئاماژە بە خاڵێك بدەین ئەویش ئەوەیە، ئەگەر گریمان لە بیرۆکە و گەڵاڵەکردنی هەر پڕۆژە و مانفێستێکی ئەدەبی و شیعریی نووسەرێك بەشدار بووبێت، بەلاّم لە کاتێ بە ئاکام گەیاندنی پڕۆژەکە و ڕاگەیاندنی و بە دیکۆمێنتکردنی بە شدار نەبوو بێت، ئەوا بێگومان وەك یەکێ لە دامەزرێنەرانی گرووپەکە ناوی ناهێنرێت، چونکە ئەمە وەك ئەوە وایە، کەسێك هاوڕێکانی خۆی لە نیوەی ڕێگەدا جێبێڵێت و کاروانەکەیان لەگەڵ تەواو نەکات، بۆیە ئەوە گرنگ نییە چەند شاعیر بەشداری بیرۆکەی ڕوانگە بووینە، ئەوە

گرنگە کێن بەیاننامەکەیان دەرکردووە و ناویان وەك گرووپەکە و دامەزرێنەرانی دێت. ئیدی دوای ئەمە نووسەرێك بە زۆر دەیەوێت خۆی بکاتە پاڵەوانی گۆڕەپانەکە و مردنی دامەزرێنەرەکانی ئەو گرووپە بقۆزێتەوە بۆ لێدانیان و هاوکات دروستکردنی مێژوویێك بۆ خۆی، بێگومان ئەمە کەس لێی وەرناگرێت، چونکە هەموومان دەتوانین بیّ بەڵگە و مێژوو، خۆمان بکەینە سەرمەشقی کارێك کە لە بنەڕەتدا دەستێکمان لە دروستکردنیدا نەبووە. هەر لە بارەی ڕوانگەوە، بە ناوی دەستەی ڕوانگە، وتارێك لە هەمان ئەو سەرچاوەیە، واتا هەر سیّ ژمارەکەی ڕوانگە بلاّوکراوەتەوە و بە ناوی دەستەی ڕوانگە و دەڵێت:_ ( لە سەرەتای بەهاری _١٩٧٠ دا، چوار ئەدیبی لاوی خوێن گەرم، کە داخ و خەفەتی دواکەوتوویی و باری ناهەمواری ئەدەبی نەتەوەکەیان، لە مێژەوە جەرگیانی کلۆر ئەکرد و سوێی ئەکردە دڵیانەوە لە دانیشتنێکی چوار قۆڵیدا یەکیان گرت) (٥) لەم وتارەدا، گەرچی ناوی ئەم چوار ئەدیبە نەهێنراوە، بەلاّم لە ڕووی ئامادەیەوە باس لەوە دەکات کە تەنها چوار کەس بوونە، واتا بە ژمارە ڕوونی دەکاتەوە، ئەمەش دەریدەخات کە ڕوانگەیەکان و ئەوانەی لەگەڵ ئەو گرووپە دابوون، دەیان کەس نین، وەك ئەوەی نووسەر عەبدوڵا عەباس باسی دەکات، بەڵکو تەنها چوار کەس بوونە. هەر لە پەراوێزی ئەو بەیاننامەیەوە، شێرکۆبێکەس دەڵێت:_ ( لەو ڕۆژگارەدا، مەسەلەی گۆڤار و کتێب چاپکردن زۆر گران و دەگمەن بوو، ئەتوانین بڵێین، فلس بە فلس ئێمە پارەمان لە گیرفانی خۆمان و خەڵکی پاشەکەوت دەکرد، تا توانیمان ئەم ژمارەیەی ڕوانگە دەربکەین، لە بیرمە کاك سەلاح شوانی شاعیر، ئەم ئەرکە گرانەی گرتبووە ئەستۆ،

لە بەر هەرزانی چاپخانەیەك، بەردەوام بە ڕێی شاری نەجەفەوە بوو ) (٦) لێرەدا شێرکۆ بێکەس، ڕاستییەکان لە بارەی چاپکردنی گۆڤاری ڕوانگە دەخاتە ڕوو، بە ئاشکرا ناوی ( سەلاح شوان ) دێنێت، کە چەند ماندوو، هاوکاریان بووە لەم ڕووەوە. تۆ بڵێی ئەگەر کەسێکی دیکە وەك سەلاح شوان هاوکاری بکردانە، ناوی ئەویشی نەهێنا با؟ دوای بەیاننامەکەی ڕوانگە، باشترین ئەرگۆمێنت، کە دەریدەخات ڕوانگەیەکان کێ بوون، ئەو باس و کتێب و نووسینە ئەکادیمییانەن، کە لە بارەی ڕوانگە نووسراون. لەو سۆنگەیەوە لە کتێبی ( بزووتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێی کوردی ) (٧) لە بارەی ڕوانگەوە نووسەری کتێبەکە دەنووسێت:_ ( بەیاننامەی ڕوانگە، لەلایەن شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی ، جەمال شارباژێڕی و جەلالی میرزا کەریم ) واژۆ کراوە. واتا دوور و نزیك باسی هیچ نووسەرێکی دیکە ناکات، کە دامەزرێنەری ڕوانگە بێت، دواتر نووسەری کتێبەکە لە وەسفی ڕوانگەدا، کە عەبدوڵا عەباس بە دێی وێران ناوی دەبات، دەنووسێت:_( ئەگەر بە چاوێکی ویژدانەوە بڕوانینە ئەو بیروبۆچوونانەیان، ئەوا هەرگیز ناتوانین بڵێین ئەم بیر و بۆچوونانەیان ناپەسندە و لە خزمەتی کۆمەڵ و ئەدەب نییە، بەڵام مایەی نیگەرانییە کە نەیانتوانی ئەم بیر و بۆچوونەیان بخەنە چوارچێوەی پراکتیکییەوە، نەیانتوانی هەموو خواست و مەرامەکانیان بە تەواوی بە ئەنجام بگەیەنن، لە بەر ئەوەی هەر لە سەرەتای بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەدا، تووشی بەرپەرچدانەوەیەکی ئێجگار توند و تیژ بوون، لەلایەن کۆمەڵ و ئەدەب دۆستانەوە) بێگومان ئەم بۆچوونانەی نووسەر، کۆمەڵێك ڕاستی شاراوە دەردەخەن کە

یەکەمیان: ڕوانگە هەر تەنها بزووتنەوەیەکی شیعری نەبووە، وەك ئەوەی باس دەکرێت، بەڵکو جۆرێك لە یاخیبوونی هزریش بووە لەلایەن ئەم نووسەرانەوە، دژ بە نۆڕم و بیرکردنەوەی خورافی و خێڵەکییانە و ئەرکەکانی ئەدەب و شیعر، بە بەڵگەی ئەوەی لەلایەن کۆمەڵەوە دژایەتی کراوە، هەڵبەتە کۆمەڵگە دژایەتی هیچ دەرکەوتەیەکی نوێ ناکات، ئەگەر بە مەترسی نەزانێت بۆ سەر ستایل و ئەقڵی باوی سەردەم. کۆمەڵگەکان، بە تایبەتیش کۆمەڵگە خێڵەکی و دواکەوتووەکان، بە ئاسانی گۆڕانکاریی و کرانەوەی کۆمەڵایەتی و هزری بە خۆوە ناگرن، بە تایبەتیش ئەگەر مۆدێکی نوێ و جیاواز بێت، لەو سۆنگەیەوە دەبێ ڕوانگە کارێکی جیاواز بێت، بۆیە کۆمەڵگە دژایەتی کردوون. دووەمیان: لە پاڵ کۆمەڵگە، وەك نووسەر کتێبی بزووتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێی کوردی باسی دەکات، ئەدەب دۆستانیش دژیان وەستاونەتەوە، ئەمەش مانای وایە کە ئەوانیش وەك توێژێکی هوشیار، زۆرینەیان بوێری ئەوەیان نەبووە ببنە بەشێك لە پڕۆژەکە، چونکە لە بنەڕەتدا لەلایەن کۆمەڵگەی کوردی ئەو کات، ئەم بزووتنەوەیە دژایەتی کراوە و ڕەت کراوەتەوە، ڕەنگە هەر ئەمەش هۆکاری سەرەکی ئەوە بێت، کە تەنێ ئەو پێنج داهێنەرە بە تەنیا لە مەیدانەکە مابنەوە و کۆڵیان نەدابێت تا ڕوانگەیان ڕانەگەیاندووە، بە بێ ئەوەی ترس و سڵەمینەوەیان لەوە هەبێت، کۆمەڵگە و ئەدەب دۆستە کۆنە پارێزەکان، چیان پێ دەڵێن و چۆن دژایەتیان دەکەن، کە سەرەنجام هەر ئەوان و مێژووەکەیان بە نەمری مانەوە و ئەوانەشی نەبوونە بەشێك لەو پڕۆژەیە، کەوتنە پەراوێزی مێژووی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی هەفتاکان. لە کتێبی ( کاریگەری ڕوانگە

له نوێگەری شیعری کوردیدا) (٨) ، کاکە مەم بۆتانی ڕەوانشاد، سەرگوزشتەی دامەزراندنی ڕوانگە دەگێڕێتەوە و دەڵێت:_( بیرم لە ڕێکخراوێکی ڕووناکبیری کوردی دەکردەوە، هەمووومان بە خۆوە بگریێ لە ئەنجامدا سەری گرت ) کاکە مەم بۆتانی، لێرەدا بیرۆکەی دامەزراندنی ڕوانگە بۆخۆی دەگەڕێنێتەوە، ئەمەش پێچەوانەی بۆچوونەکەی عەبدوڵا عەباسە کە دەڵێت:_ **( بە صدق و ئەمانەتەوە دەیڵێم بیرۆکەی ڕوانگە، پێشنیاری فازل عەزاوی بوو بۆ من و جەلالی میرزا کەریم)** (٩) لێرەدا ئێمە ڕەنگە دڵنیا نەبین، کە بیرۆکەکە هی کامیان بووە، بەڵام ئەوە دیارە کاکە مەم بۆتانی بە داخەوە لە ژیان نەماوە، بۆیە دوای ئەو هەرچی لە بارەی خۆی و بیرۆکەی کارەکە، لەلایەن کەسانی تر بگوترێت وەرناگیرێت، لە بەر یەك هۆکاری زۆر سادە ئەمیش ئەوەیە، کە بەداخەوە کاکە مەم بۆتانی و ئەوانیتریش، جگە لە مامۆستا حوسێن عارف کە تەندروستی لە وپەڕی خراپیدایە، لە ژیان نەماون تاکو وەڵامی عەبدوڵا عەباس بدەنەوە. کەواتا ئەوەی لێرەدا دەکرێتە پێوەر، بۆچوونی ئەوانە، چونکە ئەم پێنج نووسەرە، لە هیچ شوێنێك باس لەوە ناکەن کە عەبدوڵا عەباس بەشێك بووە لە ڕوانگە یان بیرۆکەکە هی شاعیرێکی عەرەب بێت. من نازانم شاعیرێکی عەرەب، چ کاری بەوەیە شیعری کوردی نوێ بکاتەوە؟ ئەمە ئەگەر کەمکردنەوە نەبێت لە بەها و پێگەی شاعیرانی ئێمە بەداخەوە لای عەبدوڵا عەباس هیچی ترە؟ مەگەر لە هەموو مێژووی ئەدەبی کوردیدا، نووسەرێکی بیانی دەبینییەوە لایەکی لە نوێکردنەوەی شیعر و چیرۆکی کوردی کردبێتەوە؟ کاکە مەم بۆتانی، هەر لەو کتێبەدا (١٠)، دوای ئەوەی بیر لە کارێکی لەو شێوەیە دەکاتەوە و سەر دەگرێت،

ئەمجارەیان درێژ بە سەرگوزشتەی ڕوانگە دەدات و دەنووسێت:_( یەکەم کۆبوونەوەمان لە بارەگای یەکێتی نووسەران لە بەغدا گرت و من و حوسێن عارف و شێرکۆبێکەس و جەلالی میرزا کەریم، ئامادەی بووین، شێرکۆ نوێنەری جەمالیش بوو ، مەبەستی ڕەوانشاد جەمال شارباژێڕییە). هەڵبەتە کاکە مەم بۆتانی لەو گێڕانەوەیەدا، دێت بە ڕوونی دامەزرێنەرانی ڕوانگە دەناسێنێت و جەخت لەوە دەکاتەوە کە تەنها ئەوانە بوونە کە بیرۆکەی کارەکەیان داڕشتووە و دواتریش بە یاننامەیەکیان دەرکردووە. لە کتێبی ( ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوریدا ) (١١)، نووسەری کتێبەکە لە بارەی ڕوانگەوە دەنووسێت:_ ( ئەو چوار ساڵە ئاشتییەی نێوان کورد و ڕژێمی بەغدا، هەتا ئەمڕۆش گرنگترین و دەوڵەمەندترین و بە پیتترین و فەرترین قۆناغە لە مێژووی فەرهەنگی کوردیدا، گۆڕانە گەورەکانی فەرهەنگی کورد لەو ساڵانە ڕوویاندا، نەوەیەکی تازە لە شیعری کوردی و لە هەموو شتێك پەیدا بوو ) دواتر نووسەر هەر لە وەسفی ڕوانگەدا بەردەوام دەبێت و دەنووسێت:_( ئەو بابەتانەی کە لە ڕوانگەدا وەك شێوە و ناوەڕۆك و شێواز خرانە ڕوو، پێشتر بەم شێوەیە نەورو ژێنرابوون، هەر ئەمەش بوو دەرگایەکی نوێی بە ڕووی ئەدەبی کوردیدا کردەوە و شاعیرانی کورد بە سوود وەرگرتن لەو سەربەستییە، ناسنامەیەکی دیکەیان بۆ ئەدەب دروست کرد کە ڕەت کرنەوەی کەلەپوور بوو ) ئەم بۆچوونانەی نووسەر، تەواو دژی ناونانی ڕوانگەیە بە دێی وێران و ناوی زل، بەڵکو بە پێچەوانەوە دەرهاوێشتەیەکی نوێی ئەدەبی و شیعری بووە، وەك ئەوەی نووسەری کتێبەکە لەو دێڕانە بە کورتی و بە پوختی و چڕی وەسفیان دەکات. هەروەها شاعیر ( دڵشاد عەبدوڵا )

له كتێبەكەی خۆیدا بە ناوی ( كتێبی ڕەش ) لە بارەی ڕوانگەوە دەنووسێت:_( ڕوانگە دیارترین بزووتنەوەی شیعری ١٩٧٠ _١٩٨٠ بوو، مفاوەزاتی حكومەتی بەغدا و سەركردایەتی كورد زەمینەی بۆ سازان. ئاراستەی سەرەكی ئەو بزووتنەوەیە دژی دیاردە كۆمەڵایەتییەكان بوو، دژی دەسەڵاتی كۆنەپەرستانە بوو، بۆیە كەمتر بایەخی بە شیعردا ) دواتر هەر لە درێژەی وەسفی ڕوانگەدا دەنووسێت:_( قەسیدەی پەخشان، گرنگترین دیاردەی شیعریی بوو، دوای ڕوانگە كە توانی ئەو زەمینەیە بخوڵقێنێ بۆ ئازادكردنی دەربڕین و نزیكخستنەوەی ڕیتمی شیعر لە گیانی سەردەم و ئەو ئازادییەی لە دەرەوە لێی زەوت كرابوو، لە دەربڕیندا بیگێڕێتەوە ) (١٢) نووسەر بە گرنگییەوە باسی ڕوانگە دەكات و قەسیدەی پەخشان بە دیارترین دەركەوتەی دوای ڕوانگە دەزانێت، كە ئەمەش مانای وایە بەر لە ڕوانگە لە نێوەندی ئەدەبی كوردیدا، پەخشان ئەو ئامادەیە ئەدەبییەی نەبووە، ئەمە وێرای ئەوەی بزووتنەوەكە، بە بزووتنەوەیەكی ڕیفۆڕمخوازانە و نوێخوازانە دەزانێت، كە ئامانج لێی هاتنەوە بووە بە گژ كۆنەپەرستی و ئەقڵی باوی سەردەم. نووسەر و ڕەخنەگری شارەزا، كەمال غەمبار لە كتێبەكەی خۆیدا، لە بارەی ڕوانگە دەنووسێت:_( كارتێكردنی ڕوانگە لە ڕۆشنبیریی كوردیدا زیاتر بوو، پتر خەڵكی جوڵاند و ڕۆڵی خۆی بینی ، بەڵام پێشڕەوە (مەبەستی گرووپی تەلیعییەكانە) ئەو دەنگ و سەدایەی نەبوو، نووسینەكانی ڕوانگەیەكان ڕوونتر و جەماوەری زۆرتر بوو لەوەی پێشڕەوییەكان، نووسینی ڕەخنەگران زیاتر بە لای ڕوانگەوە بوو نەك پێشڕەو ) (١٣) هەڵبەتە، مامۆستا كە كەسێكی شارەزا و ئاگاداری مێژوویی شیعری

کوردییە، بە ڕاشکاویی دان بەوە دا ئەنێت، کە ڕوانگەیەکان لە پێشڕەویەکان زیاتر ڕۆڵیان لە نوێکردنەوە و گۆڕانکاریی لە شیعری کوردیدا بینیوە، ئەمە وێرای ئەوەی توانیان سەکۆی ڕەخنە و گۆڕینەوەی بیروڕاو دیالۆگی ئەدەبی فراوانتر بکەن و لە نێو جەماوەریشدا پێگەیەکیان هەبێت. لەتیف هەڵمەتی شاعیریش، گەرچی بەردەوام دەیەوێت لە بایەخ و پێگەی ڕوانگەیەکان کەم بکاتەوە و گرووپی کفری وەك پێشڕەوی تازەگەری لە شیعری کوردیدا پیشان بدات، دان بەوە دا ئەنێت کە ڕوانگەیەکان بەرلەوان مانفێستی شیعریان ڕاگەیاندووە ، لەو سۆنگەیەوەش دەنووسێت:_( هەرچۆنێ بێ وەکو بلاّوکردنەوەی دەق و دۆکۆمێنت، گرووپی کفری چەند ساڵێك لە پێش ڕوانگە بوونیان هەبووە، بەلاّم ئاشکرایە وەکو بەیاننامە گرووپی ڕوانگە نزیك ساڵێك بەر لە گرووپی کفری بەیاننامەیان بلاّوکردەوە، شایەنی ئاماژە کردنە بەیاننامەی ڕوانگە بە ئیمزای شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، کاکە مەم بۆتانی، جەمال شارباژێڕی، جەلالی میرزا کەریم و کەمال ڕەئووف محمەد لە ساڵی ١٩٧٠ بلاّبووەوە ) (١٤) هەڵبەتە، مامۆستا زۆر لە ئێمە شارەزاترە و دەبێ ئەو ڕاستییە بزانێت، کە بۆ ساغکردنەوەی هەر بزاوت و ڕووداو و کارێك، قسەی زارەکی وەرناگیرێت و بە ئەرگۆمێنت دانانرێت، بەڵکو مێژوو، گەواهی، دیکۆمێنت، بایەخی خۆیان هەیە و کارەکە یەکلاییدەکەنەوە. گرووپی کفری، ئەگەر بەر لە ڕوانگەش بووبێت وەك ئەوەی لەتیف هەڵمەت دەیڵێت، ئەوا لە نێوەندی ئەدەبی کوردی و شیعری کوردیدا، ناخرێتە چوارچێوەی گرووپێکی ئەدەبی و مانفێستێکی شیعری ڕاگەیانراو، لە بەر یەك هۆکاری زۆر سادە ئەویش ئەوەیە، شاعیر هیچ بەڵگەیەکی

نییە ! دواتر ئەگەر ئەمان بەر لە ڕوانگە، دەستیان داوەتە گرووپی ئەدەبی و مانفێستی شیعری، بۆچی بلاّویان نەکردەوە؟ بۆچی ڕایانگەیاند کە گرووپێك بەو ناوەوە دروست دەبێت؟ تاکو وەك ڕوانگە بە بەڵگەی مێژوویی لە چوارچێوەی مێژووی ئەدەبی کوردی بمێنێتەوە؟ ئێمە وەك لە سەرەتای ئەو کتێبەشدا ئاماژەمان پێداوە، دوای ڕوانگە، چەندین گرووپی دیکەی ئەدەبی دەردەکەون، بەلاّم بەراورد بە ڕوانگەیەکان بە ئێستاشەوە نەناسراون و لە نەخشەی شیعری کوردیدا ئاسەوارێکییان نەمایەوە. بڕوام وایە، ئەو بۆچوونانەی لەتیف هەڵمەت، پتر پەرچەکردار و کاردانەوەن لە هەنبەر دامەزرێنەرانی ئەو گرووپە، بە تایبەتیش کە پێشتر ڕوانگەی بە هێلکەیەکی پیسی هەڵنەهاتوو ناو بردبوو، لە کاتێکدا هەر ئەو گرووپە شاعیرێکی وەك شێرکۆ بێکەس و چیرۆکنووسێکی وەك حوسێن عارف لێ دەکەوێتەوە، کە دوو لە سمبولە هەرە دیار و بەرچاوەکانی ئێمەن لە ئاستی ئەدەبی و جەماوەری و بگرە جیهانیشدا. دەمەوێ ئاماژە بەوە بدەم، یەك خاڵی گرنگ لەو بۆ چوونەی لەتیف هەڵمەت هەیە، ئەویش ئەوەیە کە دەیسەلمێنێت عەبدولاّ عەباس، هیچ ڕۆڵێکی لە دامەزراندنی ڕوانگەدا نەبووە، بە بەڵگەی ئەوەی ناوی ناهێنێت، لە کاتێکدا ئەگەر هەڵەنە بم، هەردووکیان هاوڕێی نزیکی یەکترین و هەردووکیشیان یەك ئامانجیان هەیە، کە ئەویش لێدانە لە ڕوانگە و کەم کردنەوەی سەنگی ئەو گرووپەیە لە نێوەندی ئەدەبیدا، کە بە دڵنیاییەوە سەدساڵی تریش لە پێناو ئەو ئامانجەدا کار بکەن، ناتوانن لە بەهای ڕوانگە و ڕوانگەیەکان لە یادەوەریی و مێژووی نەوەکاندا کەم بکەنەوە. هەر لە

بارەی ڕوانگەیەکان، دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی، کە تێزە ئەکادیمییەکەشی لە بارەی ڕوانگەیە، دەنووسێت:_ ( ڕوانگە بە یاننامەیەکی خاکەڕایی بوو، بەلاَم گرنگی لەوەدا دەردەکەوێت کە لە سەردەمێك نووسرا تقلیدی ئەدەبی وەك دامودەزگای لێهاتبوو، ئەمیش وەك مینێك وابوو لە ژێر زەمینەی ئەو دەسەلاَتە ئەدەبییە باوانەدا و هەست بەوە بکات قالَبە ئەدەبییەکان بشکێنێت ) (١٥) بە بڕوای من، هەر چەندە دژ واتایەك لەو بۆچوونەی نووسەر هەیە، بەوەی کە ئەگەر بەیاننامەیەك خاکەرایی بوو بێت، چۆن وەك مینێك دەتەقێتەوە و ئەو هەموو لێ کەوتانەی لێ دەکەونەوە؟ بەلاَم لەگەڵ ئەمەشدا، نووسەر ڕوانگە وەك چەکوچێك بۆ شکاندنی قالبە باوەکان دەبینێت و برِوای وایە بزاوتێك بووە لە پێناو نەهێشتی لاساییکردنەوە، کە ئەمەش بە مانای تێکشکاندن و سرِینەوەی وێنەی باو و کارکردن لە پێناو وێنەیەکی دیکە دێت. هەروەها نووسەر ئەو بۆچوونەش ڕەت دەکاتەوە کە ڕوانگە بە لاساییکردنەوەی بەیاننامەی شیعری شەست و نۆ دەناسێنن و برِوای وایە ئەمە تەنها بۆچوونێکە و تا ئێستا بە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریانە، ئەو لاساییکردنەوەیە نەسەلمێنراوە. نووسەر هەر لە درێژەی وەسفی ڕوانگەدا بەردەوام دەبێت و دەڵێت:_ ( ڕوانگە لە سەردەمێکدا دەرچوو، کە تەمەنی نوێگەری کورد ٤٠ تا ٥٠ ساڵێك بوو، پێویستی بە پیاچوونەوە و گۆڕانکاری دەکرد، ڕوانگە لە واقیعی ڕۆژانەدا ئەوەی سەلماند کە فیکر هەمیشە لە گۆڕانکاری دایە و وەستانی بۆ نییە ) (١٦) هەر لە باسی ڕوانگە و نرخاندنی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە لە ڕووی هزری و مێژوویی و ئەدەبییەوە، مامۆستا فوئاد قەرەداغی، کە یەکێك بووە لە

دیاترین ڕەخنەگر و ئاگادارەکانی  ئەو سەردەم و ڕوانگەش بە تایبەتی و چەندین وتار و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی و ڕەخنەیی لەو سەردەمدا نووسیوە، لە وەسفی ڕوانگەدا دەنووسێت:_( سڕبوون و وشکەوە بوونێکی بەرچاو بە ڕۆشنبیریی کوردییەوە بە تایبەتی بە ئەدەبەوە دیاربوو، دەشێت ئەو حاڵەتە بە متبوونی ئەدەبی ناوبەرین ) (١٧) نووسەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاو، ئاماژە بە متبوون و چەقبەستوویی دۆخی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی کوردی بە گشتی دەدات. بەو مانایەی زەمەنی پێش ڕوانگە لە ڕووی داهێنان و بزاوتی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی و نوێکردنەوە و دابڕان لە قۆناغەکانی پێشووتر ، وەك زەمەنی دوای ڕوانگە نییە، بەڵکو ڕوانگە هاتوو ئەو گۆمە مەنگەی ڕۆشنبیریی کوردی شڵەقاند و لەو متبوونە ڕزگاری کرد، بۆیە ئەمجارەیان مامۆستا قەرەداغی دەنووسێت:_( بەڵام ڕوانگە توانی ئەو گۆمە مەندە بشلەقێنێت ) (١٨) جەختکردنەوە لە وشەی توانی، هیچ گومانێك ناهێڵێتەوە لەوەی کە ڕوانگە توانیویەتی بەشێوەیەکی جیاواز و دابڕاو واقیعێکی دیکەی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی لە پێش خۆی بێنێتە ئاراوە. ئەم گۆڕانکارییانە، لە سەر چەند ئاست ڕوو دەدەن، بەو مانایەی ڕوانگە توانی:_ ( دیواری ترس لە کۆنەپارێزی کوردی بڕووخێنێت، لە سەر پرسی ئافرەت هەڵبداتێ، بانگەوازێکی بوێرانەی وەك ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن دەربکات ) (١٩ ) هەروەها توانی ( لە ڕووی ڕێزمان و پاککردنەوەی فەرهەنگی کوردی لە وشەی بیانی و دەستبردن بۆ خەیاڵ و وێنەی شیعری و وێنە هونەرییەکان، داهێنانێکی کرد کە بە سوود گەڕایەوە بۆ  زمان و ئەدەبی کوردی ) (٢٠) هەڵبەتە  بزووتنەوەیەك بتوانێت دۆخی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی

کوردی لە چەقبەستوویی ڕزگار بکات، پاکنووسی زمانی کوردی لە ڕووی وشەی بیانییەوە بکات، دیواری ترس بڕووخێنێت، لە سەر پرسی ژن، لە سەردەمێکی دواکەوتوو کۆنە پارێزدا هەڵبداتێ، ئایا چۆن دێیەکی وێران بووە؟ مەگەر ئەم بۆچوونە جگە لە ئێرەیی بردن، سڕینەوە و چاو هەڵنەهاتن بە داهێنانی ئەو ئەدیبانە هیچی تر دەگەیەنێت؟ ئەگەر کاریگەریەکانی ڕوانگە، لە هەموو ئەم ڕووانەوە دەرکەوتبێت، چۆن هیلکەیەکی پیس و ناوی زل بووە، وەك ئەوەی نەیارەکانی دەیڵێن؟ لە ڕاستیدا، ڕوانگە توانی زۆرشت بکات، بە بەڵگەی ئەوەی گەواهیدەرەکانی ئەو سەردەم و قەڵەمە دیار و بە تواناکانی هاوسەردەمانی ڕوانگە، گەواهی دەدەن کە ڕوانگە چی بووە؟ هەر لە درێژەی باسی ڕوانگەدا، جەلیل کاکەوەیسی چیرۆکنووس، لە هەمان ئەو تەوەرەدا کە بۆ ڕوانگە سازکراوە دەنووسێت:_( پێم وایە یەکێ لەو دابە ئەدەبییانەی کە ڕوانگە لەگەڵ خۆیا هێنای بوێری دەربڕینە، کە پێش ڕەوتی ڕوانگە جگە لە چەند دەقێکی پەرتەوازە و تاکەکەسی وەك لە خەوما و بیست و هەفت ساڵە و وەفدی کورستانی پیرەمێرد نابینین ) (٢١) کاکە وەیس، دەڵێت ( بوێری دەربڕین بوو ) بەو مانایەی بوێرییەکە بە تەنها بەس بوو بۆ ئەوەی بزانین ڕوانگە چی بووە. دیارە لە هەموو سەردەم و قۆناغێکدا، هەموو نووسەرێك بوێری دەربڕین و ئازایەتی نووسینی لە بەر خۆپارێزیی میللی و کۆمەلأیەتی و کۆنە پارێزی نییە، بەڵکو هەر تەنها چەند قەڵەمێك، وەك قەڵەمی بوێر دەردەکەون و گوێ بە ترس و سڵەمینەوە نادەن. ڕوانگەیەکان، لە پەراوێزی بەیاننامەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن، بە ئاشکرا بێ ترس و سڵەمینەوە بە بوێرانە بانگەوازی نوێکردنەوە و

ڕیفۆرمیان دەکرد، ترسیان لەوە نەبوو کاردانەوەکان تەنانەت بە مەرگی خۆشیان چی دەبێت، وەك ئەوەی ڕووبەڕووی بوونەوە لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش. ئەم جەختکرنەوەیە لە لایەن نووسەرانی دەرەوەی ڕوانگە لە سەر بوێری لە نووسین و دەربڕین، دەرخەری ئەو ڕاستیەیە کە بوێری لە نووسیندا، ڕوانگەیەکان دایان هێنا. ئەمە بەو مانایە نییە، کە پێشتر بوێری لە نووسیندا نەبوو بێت وەك ئەوەی لە شیعرەکانی جەلالی میرزا کەریم دەبینرێت، بەڵکو بەو مانایەی بوێری لە نووسیندا دەکرێتە خاسیەتێکی زمان، بەوەی هەموو نووسەرانی دیکەش چاو لە ڕوانگەیەکان بکەن. هەر لە باسی ڕوانگە و کاریگەریەکانی ڕوانگە لە سەر ئەدەبی کوردیدا، حەکیمی مەلا ساڵح دەنووسێت:_( بەرهەمی جوانیان خستە ڕوو، لە چیرۆکەکانیاندا زمان و تەکنیکی پێش خۆیان بە جێ هێشت، کە پاشان بەرهەمی گەورەی بەدوا داهات ) (٢٢) لێرەدا دەردەکەوێت کە ڕوانگە، هەر تەنها لە سەر ئاستی شیعر نا، بەڵکو لە ژانرِی چیرۆکیشدا توانی زەمەنی چیرۆکی پێش خۆی لە ڕووی تەکنیك و بونیادی هونەری دەقەوە تێ پەڕێنێت و خاڵێکی جیاکەرەوە لە نێوان پێش و دوای قۆناغی ڕوانگە دابنێت. ئەمەش ڕاستەوخۆ بە کاریگەریەتی و ڕۆڵی دوو لە دیارترین چیرۆکنووسانی کورد بووە، کە خۆیان لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە بوونە. گەرچی تا ئێستاش ئێمە ڕوانگە وەك گرووپێکی ( ئەدەبی _ شیعریی ) دەناسین و ئامانج و پەیامەکەی لەوەدا کورت دەکەینەوە، بەلام بە پێی بۆچوونی زۆرێك لە توێژەران، ڕوانگە توانی لە سەر ئاستی چیرۆکیشدا، گۆڕانکاری تازە لە فۆڕم و تەکنیکدا بێنێتە ئاراوە کە لە ڕووی هونەرییەوە جیاواز بکەوێتەوە لە قۆناغی پێش ڕوانگەدا.

ڕەفیق سابیر، کە شاعیرێکی دیاری سەردەمی هەفتاکان و دەرەوەی گرووپی ڕوانگە بووە، لە بیرەوەریەکانی خۆیدا بە ناوی لە ستایشی ژیاندا، دەنووسێت:_( لەو کەش و هەوا سیاسی و ئەدەبیەدا، پێنج نووسەر، شێرکۆ بێکەس، حوسێن عارف، جەلالی میرزا کەریم، جەمال شارباژێری و کاکە مەم بۆتانی، لە ١٩٧٠/٤/٢٥ دا بانگەوازی ڕوانگەیان بلاّوکردەوە. بانگەوازەکە، بە چاو لێکەری یان بە هاندانی بانگەوازی شیعر ٦٩ بوو، بەلاّم بە نەفەسێکی سیاسی و نەتەوەیی نووسرا بوو، داوای دەکرد ئەدەبی کوردی گۆڕانی بە سەر دابێت و نوێ بکرێتەوە ) (٢٣) ڕەفیق سابیر، وێرای ئەوەی بڕوای وایە ئەم گرووپە بە کاریگەریەتی و چاولێکەری بانگەوازی شیعر ٦٩ بوو، هاوکات باس لەوەش دەکات کە بە هەناسە و مۆرکێکی کوردانە و نەتەوەییانە نووسرابوو، ئامانج لێی نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی بوو، بۆ ئەوەی گۆڕانی بە سەر دابێت. گەر لە سەر دەستەواژەی گۆڕانی بە سەر دابێت بوەستین، دەبینین ناڕاستەوخۆ گوزارشت لەوە دەکات کە هەتا ئەو قۆناغ و ئەو سەردەم، گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ لە دوای گۆرانەوە بە سەر ئەدەبی کوردی نەهاتووە، نووسەر دەستەواژەی ئەدەبی کوردی، نەك شیعری کوردی بە کار دێنێت. بێگومان ڕەفیق سابیر، شاعیرێکی بە توانا، ڕۆشنبیر، هزرمەند و لێکۆڵەرێکی دیارە و هەرگیز دەستەواژە و چەمکێك بەکار ناهێنێت، ئەگەر بە تەواوەتی مەبەست و ناوەڕۆکی باسەکەی بە لاوە گرنگ نەبێت. ئەمە مانای وایە ئەم گرووپە هەر تەنها گرووپێکی شیعری نەبووە، بەڵکو مەبەستیان بووە هەموو ئەدەبی کوردی بە گشتی نوێ بکەنەوە، لەلایەکی دیکەوە، نووسەر بە دیاریکراوی ناوی دامەزرێنەران و فیگەرە سەرەکییەکانی ئەو گرووپە

دەهێنێت و دەنووسێت، کە ئەمەش جەختکردنەوەیە لەوەی عەبدوڵا عەباس، ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە دامەزراندنی ڕوانگە نەبووە، هەر لەبەر ئەمەشە  بە ناوی زل و دێی وێران ناوی دەبات ! لە کاتێکدا بۆچوونەکانی ئەو کات و ئێستاش لە بارەی ڕوانگەوەن پێچەوانەی قسەکانی ئەو دەسەلمێنن ( بانگەوازی ڕوانگە، دەزگای بۆ باس و ڕەخنە و نووسینی ئەدەبی  لە بارەی نوێخوازی و نوێکردنەوەی ئەدەبی کوردی کردەوە. کەش و هەوای ئەدەبی لە کوردستان، جوڵە و بزاوتێکی نوێ و ڕووناکبیرانەی تێکەوت ) (٢٤) بەو مانایەی ئەم گرووپە، گەنگەشە و دیالۆگی ئەدەبی و فیکری، گۆڕینەوەی بیروڕای جیاوازی بە هەردوو دیوی ئەرێنی و نەرێنی لێ کەوتەوە. کە ئەمەش دەرکەوتەیەکی سروشتییە، بۆ هەر بانگەواز و کار و کردەیەکی هزریی و ئەدەبی بێت. ڕوانگە و کارەکتەرەکانی، توانیان کاریگەریەتی لە سەر دیدگای شاعیرانی دیکەی دەرەوەی گرووپەکەش بە جێ بێڵن، ئەمەش بەو مانایەیە، کە دامەزرێنەرانی ڕوانگە، بەر لەوەی لە چوارچێوەی ئەو گرووپەشدا کاربکەن، خۆیان شوناسی ڕۆشنبیری خۆیان هەبووە، لەم ڕووەوە حەمە سەعید حەسەن دەڵێت:_ ( لە کۆتایی ئەپریلی ١٩٧٠ دا، بەیاننامەی ڕوانگە بڵاو دەکرێتەوە، سامی شۆڕشی سەرسام بە حوسێن عارف و جەلالی میرزا کەریم، دەبێتە شاعیرێکی چالاکی ئەو شەپۆلە ئەدەبییە ) (٢٥) گەرسەرنج لە گوتەی نووسەر بدەین، دەبینین ناڕاستەوخۆ باس لەوە دەکات کە جەلالی میرزا کەریم، کاریگەری لە سەر سامی شۆڕش هەبووە و پێی سەرسام و کاریگەر بووە. ئەو سەرسامییە، لە هەڵوێست و کردەیەکی کەسی و کۆمەڵایەتی دروست نەبووە، بەڵکو لە ئەزموون و گوتاری شیعری دروست بووە،

هەر ئەمەشە وای لە شۆڕش کردووە، کە ببێتە شاعیرێکی چالاکی ئەو گرووپە ئەدەبییە. لە نێوەندی ئەدەبی کوریدا. جەلالی میرزا کەریم وەك شاعیرێکی نوێخواز و جیاوازی پێش ڕوانگە و گرووپی کفری دەناسرێت و باس دەکرێت. ئەزموونی ئەم شاعیرە، لە ساتی دەرکەوتنیەوە ئەزموونێکی جیاواز و تایبەت بووە. جەلال، ڕوانگە نەیکردۆتە شاعیر، بەڵکو خۆی پێشتر وەك شاعیرێکی دیار و نوێخواز لە نێوەندەکە بوونی هەبووە، بە هەمان شێوە دامەزرێنەرانی دیکەی ڕوانگەش ئەزموونی تریان هەبووە. ئەو ئەزموونە ئەدەبییە، هاوکات لەگەڵ پاشخانێکی گەورەی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی، سەرەنجام دەبنە ژێرخانێك بۆ بونیادنانی پایەکانی گرووپی ڕوانگە، کە هەر لە سەرەتاوە جیاواز دەرکەوتن. گەلێك جار، بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکرنی خەسڵەتە هونەرییەکانی قۆناغەکانی شیعری کوردی، باسی گۆران تا ڕوانگە دەکرێت و ئیدی لەوێوە باسی قۆناغی دوای ڕوانگە دەکرێت. بێگومان هیچ گرووپ و مانفێست و کردەیەکی ڕۆشنبیریی و ئەدەبی و سیاسی و فەرهەنگی، خەسڵەتی قۆناغبوون وەرناگرێت، ئەگەر لە نێو واقیعە باوەکەدا جیاواز نەکەوێتەوە. کە باس لە پێش و دوای قۆناغی ڕوانگە دەکرێت، لەو نێوەندەدا ڕوانگە وەك قۆناغێکی جیاواز و سەربەخۆ دەبینرێت و خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. ( ئەدەبیاتی نوێی کوردی، بە دوو قۆناغی سەرەکی تێپەڕیوە، یەکەمیان قۆناغی گۆران و قۆناغی دوای ڕوانگە و تا ساڵانی هەشتاکان بە سەرەوە ) (٢٦) گەلێك جار، ڕوانگە بە درێژکراوەی ئەزموونی گۆران دەناسرێت و دەگوترێت هەر تەنها ئەو گوتارە شیعرییە بوو، بە هەندێك گۆڕانکاری لە زمانی شیعریدا، بەڵام ئەم بۆچوونە زانستییە

دەریدەخات کە گۆران وەك نوێکەرەوەی شیعری کوردی، لەگەڵ هاتنی ڕوانگە، ئەو قۆناغەش دەوەستێت و ئیدی قۆناغێکی دیکە لە شیعری کوردی دەست پێ دەکات کە ڕوانگەیەکانن. نووسەر ڕوانگە وەك سەردەم و ئەزموونێکی شیعری تایبەت و جیاواز دەبینێت و لە قۆناغەکانی پێش ڕوانگە و دوای ڕوانگە دەناسێنێت، ئەمەش مانای وایە ئەدەبیاتی ڕوانگە و ئەو دەقانەی دەچنە چوارچێوەی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە، دەقی جیاواز بوون نەك ئەوەی درێژ کراوەی سەردەمی گۆران، یاخود لاساییکردنەوەی شیعری عەرەبی وەك ئەوەی هەمیشە دەگوترێت، چونکە هەر کاتێك باسی ڕوانگە بە ئێستاشەوە دەکرێت، قسەیەکی ساز و ئامادە وەك لێدانێك لە ڕوانگەیەکان، لەلایەن نەیارانی ڕوانگەوە دەکرێت ئەویش ئەوەیە کە ڕوانگە کۆپی بەیانی شیعری شەست و نۆی عەرەبەکانە ( وەك شتێکی باوی لێهاتووە، هەرکەس کە دێتە سەر باسی ڕوانگە یەکسەر دەڵێت ڕوانگە لاساییکردنەوەی شیعر شەست و نۆ بوو، بە بێ ئەوەی خاڵەکانی ئەو کارتێکردنە دەستنیشان بکەن ) (٢٧) دیارە بە بێ دەستنیشانکردنی خاڵ و ئاستی ئەو کاریگەریەتییە و مۆرك و خاسیەتە هونەرییەکانی بزووتنەوەیەکی ئەدەبی لە سەر بزووتنەوەیەکی دیکە، ناتوانرێت ئەو بزووتنەوەیە بە کۆپی و لاساییکەرەوە دابنرێت، ئەگەرچی کاریگەریەتی بزووتنەوە و زمان و قۆناغە ئەدەبییەکان لە ڕەوتی شیعری و ئەدەبی، شتێکی ئاسایە بە مەرجێك هەمان گوتاریان نەبێت.

لە پاڵ ئەم بۆچوونە بێ شرۆڤەییە، گەلێك جار ڕوانگەیەکان لە چوارچێوەی ئایدیا و مەبەستی دیکەی سیاسی وێنا دەکرێن و دەناسێنرین، وەك ئەوەی ڕوانگەیەکان مەرامێکی سیاسی و حزبی و

بەرژەوەندی تایبەتیان هەبێت، لە کاتێکدا گۆڤارەکەشیان بە قەرز و دەردەسەریەکی زۆر چاپ دەکردوو تەنها توانیان سێ ژمارەی لێ بلاّو بکەنەوە. بەشێکی زۆری ئەوانەی ئەو شوناسە نا ئەدەبیانەیان دەدایە پاڵ ڕوانگە، ڕەنگە هەر تەنها وەك دكتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی گوتەنی، وەك قسەیەکی باوی لێ هاتبێت و ببێتە مۆد و ناوەڕۆکی بەرهەمەکانی ڕوانگەیان هەر نەخوێندبێتەوە ( ڕووناکبیرانی چەپی کوردستان بە کۆمۆنیستەکانیشەوە، ئێمەیان بە وردە بۆرژوازی و سەرلێشێواو ، لاساییکەرەوەی ئەدەبی لامونتەمی سەرمایەداری و پاشماوەی دەنگی جیهانی دادەنا، بە بێ ئەوەی بەرهەمەکان بخوێنەوە ) (٢٨) واتا هەر سەر پێی و لە سۆنگەی ڕەت کردنەوەی ئەو بزووتنەوە ئەدەبییە، بە هەر هۆکارێکی سیاسی و کەسی و ئەدەبی بێت، ڕوانگەیەکان بە بۆرژوا تۆمەتبارکراون و ئەدەبەکەشیان بە ئەدەبی سەرمایەداری و بگرە هەندێ جار بە سوریالی و داداییش دا ئەنێن. بێگومان کاتێ هەر نوێگەریی و جیاواز کەوتنەوەیەك، ئەزموونی شیعر و ئەدەبی جیاواز دەردەکەون کە دەتوانن واقیعی باو تێ پەڕێنن و لە ئاستە گشتییەکەیدا جیاواز و تایبەت بکەوێتەوە، ئەوا کەسانێکیش هەر دەبن، کە لە دژی ئەو دەرکەوتە نوێیە بووەستنەوە و شوناسی داتاشراوی بدەنە پاڵ، لە کاتێکدا هەمان ئەو کەسانە ئەگەر خۆیان بەشێك بن لە پڕۆژەکە، بە دڵنیاییەوە سەرنج و هەڵوێست و تێڕوانینیان سەد و هەشتا پلە دەگۆڕێت. بزوتنەوە و مانفێستی ئەدەبی، داهێنان و نوێبوونەوە، هەمیشە کردەی کەسی و گرووپی بووە نەك کۆمەڵی. ئەوانەشی دەیانەوێت بێنە سەر مێژووی ئامادە، یاخود مێژووی ئەدەبی لە بەرژەوەندی خۆیان و بە ئارەزووی

خۆیان بنووسنەوە و خۆیان بە مێژووی ڕاستەقینەی ڕوانگەیەکان هەڵبواسن، ڕەنگە هەر ئاگاشیان لە هەنگاوەکانی بزووتنەوەکە نەبووبێت. ( کەمال ڕەئووف، هەر ئاگای لە هەنگاوەکە نەبوو، بەڵام ناچاریکردین کە ناوی بنووسرێ پاش هەفتەیەکیش لە هەڵوێستەکەی پەشیمان بووەوە ) (٢٩) ئەمە قسەی کاکە مەم بۆتانییە، کە یەکێکە لە دیارترین دامەزرێنەرانی ڕوانگە و دەیسەلمێنێت کە کێن ئەوانەی ڕوانگەیان دامەزراند؟ گەر سەرنج لە بۆچوونەکەی بدەین، دەبینین کاکە مەم ، دەربڕینی ناچاری کردین بە کار دێنێت، بەو مانایەی دانانی کەمال ڕەئووف، دوور لە خواست و ویستی ئەوان بووە، چونکە لە بنەڕەتدا هەر ئاگای لە هەنگاوەکانی ڕوانگە نەبووە، دواتریش بە هەر فشارێکەوە بێت ئەوانی ناچار کردووە ناوی بخەنە لیستی دامەزرێنەرانی ڕوانگە. ئاشکراشە کەسێك ناتوانێت، گرووپێك ناچار بەوە بکات، کە هەر دەبێ ناوی ئەویش بنووسرێت، ئەگەر دەسەڵات، هێز ، پێگەیەکی سیاسی بە هێز و دەست ڕۆیشتووانەی نەبوو بێت ! بەڵام هەر چۆنێك بێت، ئەم قسەیەی کاکە مەم، ئەرگۆمینتێکی چاکە بۆ ئەوانەی کە دەیانەوێت لە سەر مێژووی ڕاستەقینەی ڕوانگەیەکان، مێژوویێکی ساز و وەهمی بۆ خۆیان دروست بکەن. پەشیمان بوونەوەی کەمال ڕەئووف لە هەڵوێستەکەی تەنها دوای هەفتەیەك، لەلایەکەوە مانای وایە هەموو کەسێك ئەو بوێرییەی نەبووە لەگەڵ ڕوانگەیەکان بێت، لەلایەکی دیکەشەوە دەلالەتە لەوەی کە هەموو نووسەرێك لە ئاستی ناوەڕۆك و گوتاری ئەو بزووتنەوەیە نەبووە، کە دواتر بە داخەوە ڕووبەڕووی هێرش و فشار و هەڕەشە بوونەوە، تا ڕادەی مەترسی لە سەر ژیانیشیان. سەبارەت بەوەی کە ڕوانگە کۆپی

بەیاننامەی شیعری شەست و نۆ بوو، ئەوا کاکە مەم دەنووسێت:_( لە دانیشتنی شەوانەی ساڵی ١٩٦٨ ی بەغدا، بیرمان لە تازەکردنەوە کردەوە و ڕاو بۆچوونمان گەلاڵە کرد ) (٣٠) بەو شێوەیە بێت، ئەوا بیرۆکەی ڕوانگە بەر لە شیعری شەست و نۆ کاری بۆ کراوە. واتا گەلاڵەیەك هەبووە، وەلێ تا سەرەتای هەفتاکان، نەبۆتە پرۆژەیەکی ئەدەبی. هەر پەیوەست بەو لێکدانەوانەی بۆ ئەم گرووپە دەکراو ڕەت کردنەوەیان لە بەر هەر هۆکارێکەوە بێت، فوئاد مەجید میسری دەڵێت:_ ( ڕوانگەیەکان هیچ ڕەخنەیەکیان قبوول نەبوو، قبوولیشیان نەبوو پێیان بڵێن لاسایی دادایزم و سوریالیزم دەکەنەوە، ، ڕوانگەیەکان شێوە و ناوەڕۆکیان پێ دوو هێڵی هاوتەریب بوون، کە هیچیان لە پێش هیچیانەوە نییە ) (٣١) دەکرێ ئەو پرسیارە بکەین، ئەگەر گرووپێکی ئەدەبی، بایەخ بە ناوەڕۆك، گوتار و پەیامی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەتەوەیەك بدات، لە کوێوە لەگەڵ دادایی و سوریالییەکان یەکدەگرنەوە، کە ڕەوتێکی ئەدەبی بێهوودەیی و نائومێدی بەرمەبنای نێوان هەردوو جەنگی جیهانی بوون ؟ سوریالییەت، ڕێبازێکی ئەدەبی و هونەری بوو، دوای دادایزم و لە سەروبەندی دوای جەنگی جیهانی یەکەم سەریهەڵدا. سوریالییەکان، کەسانی ڕەشبین و نائومێد بوون، بڕوایان بە هیچ شتێکی ژیان لە دەرەنجامی نەهامەتییەکانی جەنگەوە نەما بوو. دنیابینیەکیان لا دروست بوو، کە ڕەشبینانە بڕواننە ژیان و هیچ بەها و مۆراڵێك بۆ ژیان و ئەدەب و شیعر دانەنێن و شیعریان وەك گەمەی میکانۆ و لە دەرەوەی هەموو جۆرە هوشیارییەکی شیعری دەبینی، بۆیە ئەم ڕێبازە دابڕاوە لە بوون و ژیان، نەیتوانی بەردەوام بێت. شاعیرە

سوریالییەکان، شیعریان وەك کردەیەکی خۆرسکانە و نا ئاگایانە دەبینی، ئۆتۆماتیکیانە شیعریان دەنووسی، ئەمە بەو مانایە نییە شیعر و دەقی ئەدەبی جوانیان نەبێت، بەڵام بە گشتی دابڕاو نائومێد و ڕەشبین بوون لە ژیان. گەر لە پەراوێزی ئەو بنەمایانەوە بڕوانینە ئەزموونی ڕوانگەیەکان، ئەوا بە هیچ شێوەیەك لەگەڵ سوریالی و دادایەکان یەك ناگرنەوە. ڕوانگەیەکان خەونی گەورەتریان لە نوێکردنەوەی ئەدەب بە گشتی و شیعریش بە تایبەتی هەبوو. ئەوان لە پاڵ ئەو گوتارە ئەدەبییە، بڕوایان بە ڕیفۆرمکردنی کۆمەڵگە، ئازادییەکانی تاك، سەربەستی ژن، کرانەوەی کۆمەڵایەتی و دوورکەوتنەوە لە نۆرمی کۆنەپارێزی و میللی و دواکەوتوویی هەبوو، ئایا دادایی و سوریالییەکان ئەمەیان دەکرد؟ ڕوانگەیەکان هەر لە سۆنگەی ئەو هەڵوێست و کردارانەیان و بە تایبەتیش لە دوای دووەم بەیاننامەی ڕوانگە، ڕووبەڕووی مەترسی و هەڕەشە لە ژیان بوونەوە. بە دژە ئاین ناسران و مەلاکانیان لێ دنە دان، لەوسەریش جارێك بە لامونتەمی و جارێك بە بۆرژوازی و جارێکی دیکەش بە دادایی و سوریالی تۆمەتبار دەکران. عەبدوڵا عەباس لە کتێبەکەی خۆیدا، بەو پەڕی سادەیی و بێ بایەخەوە، باسی بانگەوازی ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن دەکات و بڕوای وایە هەر لە بنەڕەتدا شتێکی وا نەبووە و هیچ لە ڕوانگەیەکانیش مەترسی لە سەر ژیانیان دروست نەبوو، بەڵکو بەیاننامەیەکی ئاسایی بوو، ئەوە ڕوانگەیەکانن دەیانەوێت ئەو بەیاننامەیە وەك یاخیبوون و داهێنان و وەستانەوە لە دژی هەموو شتێك وێنا بکەن و بانگەشەی ڕیفۆرمکرن بکەن، لێرەوەش لە کتێبەکەیدا دەنووسێت:_( **زەقترین هەڵەی کاك صدیق**

**تێی کەوتووە ئەوەیە کە گوایا دامەزرێنەرانی ڕوانگە لە سۆنگەی بڵاوبوونەوەی بەیاننامەی ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن، ژیانیان کەوتە مەترسییەوە** ) (٣٢) گریمان ئێمەی نەشارەزا و بە هەڵەداچوو، وەك نووسەر دەیڵێت نەوەی ئەو کات نەبووین و ئاگامان لە باس و خواسی ڕوانگە و مێژووەکەی نییە، بۆیە کەوتووینەتە ئەم هەڵانەوە، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی ئەم بۆچوونەی نووسەر، ئێمە بۆچوونی یەکێك لە دیارترین شاعیرانی هەفتاکان کە بەشێك نەبووە لە ڕوانگە، وەك ئەرگۆمێنت بە نموونە دێنینەوە کە چۆن باسی ئەو بەیاننامەیە دەکات. ڕەفیق سابیر، شاعیری دیاری کورد لەم بارەوە دەنووسێت:_ ( چالاکییەکی تری ڕوانگەیەکان بانگەوازی ئەی قەڵەمە نەترسەکان یەکگرن بوو، بانگەوازەکە لە دژی هەندێك مەلای کۆنە پەرست و شەڕ فرۆشی کوردستان بڵاوکرایەوە. بانگەوازەکە کاردانەوەی توندوو چاوەڕواننەکراوی بەدوای خۆیدا هێنا. ئەو مەلا شەڕ فرۆشانە هێرشی فراوانیان دژی ئێمە دەست پێ کرد، ناوی ئێمەیان بڵاوکردەوە و داوای سزادان و تەنانەت لە سێدارەدانی ئێمەیان کردبوو، پەنایان بۆ مەلاکانی شیعەی نەجەف و کەربەلا برد تا دژی ئێمە بوەستن و پشتگیریان بکەن ) (٣٣) ئەمە بۆچوونی شاعیرێکی دیاری ئەو سەردەم بووە، کە لەگەڵ گرووپی ڕوانگە نەبووە. بێگومان ئەم شاعیرە، هاوسەردەم، هاو مێژوو، هاوقۆناغی عەبدوڵا عەباس و ڕوانگەیەکان بووە، تۆ بڵێی ئەویش وەك ئێمە کەوتبێتە ئەم هەڵە زەقەوە؟ هەر پەیوەست بەم ڕووداوەوە، شێرکۆ بێکەس، باس لەوە دەکات کە ئەم مەلا مێشك داخراوانە، بە جۆرێك سەرکردایەتی شۆڕش و بارزانی نەمریان تێگەیاندبوو، وەك ئەوەی ئێمە دژە ئایین بین و بەم جۆرەش

مەترسی کەوتە سەر ژیانمان و دواجار فرەنسۆ هەریری دۆخەکەی هێور کردەوە و سەرکردایەتی شۆڕشی لە ڕاستی بابەتەکە گەیاند کە چۆنە. لێرەدا دەردەکەوێت کە ئامانجی ڕوانگەیەکان، هەوڵ و نوێکاریان، هەر تەنها لە چوارچێوەی شوناسێکی ئەدەبیدا کە کەسانێك بە سوریالی و لاساییکەرەوە ناوی دەبەن نەماوەتەوە، بەڵکو ئەرکی ئەوان ڕیفۆڕمی ئایینی و کۆمەڵایەتی، وەستانەوە لە دژی ئەقڵی ئایینی و خورافی و لاهوتی بووە. ئەوان لە پاڵ نوێکاری لە ئەدەب و شیعردا، بڕوایان بە کرانەوەی کۆمەڵایەتی و سەربەستییەکانی تاك و ئازادییە کەسییەکان هەبووە و دژی ئەوە بوونە ئایین ڕەنگرێژی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئەدەبی و پەروەردەیی کۆمەڵگە بکات. هەر پەیوەست بە دووەمین بەیاننامەی گرووپی ڕوانگە، کە عەبدوڵا عەباس دەیەوێت نادیدەی بگرێت و بە کارێکی زۆر سادەی لە قەڵەم بدات، خودی شێرکۆ بێکەس لە مبارەوە کە خۆی یەکێك بووە کە کەوتۆتە بەر کاردانەوە ئایینییەکانی ئەو بانگەوازە دەڵێت:_( پاش ئەو بەیاننامەیە، کە مەلاکانی گرتەوە خودی ئایینی ئیسلامی گرتەوە، ئەو بەیانە کێشە و بەزمێکی گەورەی دروست کرد. پاش بەیانەکە، کە لە ماڵەوە هاتمە دەرەوە ئەوانەی بەرە ڕووم ئەهاتن، ئەیانوت تۆ ناوی خۆت دیوە لە کوێ هەڵواسراوە؟ کە سەیری دەرگای مزگەوتەکانمان کرد، ناوی من و جەماعەتەکەی ڕوانگە هەڵواسراوە، ئێمە و کۆمەڵێك ڕووناکبیری تر لەوانە پارێزەر (جەمال شاڵی)  دە، دوانزە کەسی تر دەبووین و ناومان وا هاتبوو کە تکفیر بکرێین. ئێوارەیەکیان لەگەڵ منداڵەکان لە ماڵەوە دانیشتبووین، بەرد بارانیان کردین بە بیانووی دینی، گوایا ئێمە دژایەتی ئاسمانمان کردووە، بۆیە نەمتوانی چیتر لە

سلێمانی بمێنمەوە و چوومە بەغدا و لەوێ باسەکەم بۆ حوسێن عارف گێڕایەوە ) (٣٤) واتا کاردانەوەکانی ئەو بەیاننامەیە ئەوەندە توند بوونە، تا ئەو ڕادەیەی ڕوانگەیەکان تەکفیر بکرێن، کە ئەم تۆمەتەش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا هەموو کاتێك بە تەنها بەسە بۆ ئەوەی خوێنی مرۆڤێك حەلاڵ بکرێت و بڕژێندرێت. لە کاتێکدا ئەمە بارودۆخی ڕوانگەیەکان بووە دوای بەیاننامەکە، کەچی عەبدوڵا عەباس دێت و دەیەوێت بە دوو سێ دێڕ، ئەو بڕوایە لای منی خوێنەر و هەموو خوێنەرانی دیکەش دروست بکات، کە گوایا ڕوانگە ناوی زل و دێی وێران بووە ! هۆکاری ئەم ناونانە و ئەم تووڕەییەشی تەنێ بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئێمە گوتوومانە ناوبراو هیچ ڕۆڵێکی لە دامەزراندنی ڕوانگە نەبووە و کەسیش وەك ڕوانگەیەك نایناسێنێت و ئەمەش ئێمە نین وا دەڵێین، بەڵکو مێژووی ڕوانگە و ئەرگۆمێنت و ئەو باس و بابەتە ئەدەبی و مێژوویانەن کە لە بارەی دامەزرێنەرانی ڕوانگە نووسراون. لێرەوەش بۆ ئەوەی ڕاستی ئەو بۆچوونەمان بسەلمێنین، وەك چۆن بە درێژایی ئەم کتێبە جەختمان لێ کردۆتەوە، دیسانەوە دەگەڕێینەوە سەر ئەم گرووپە و کارەکتەرەکانی و ئەوانەی لە نزیکەوە لە وردەکاری کارەکانی ڕوانگە ئاگادارن. نووسەری کتێبەکە دەنووسێت:_( **کاك صدیق ، لە وتارەکەیدا گوایا ئیشارەت بە هەندێ حەقیقەت ئەدات _ یەعنی وەك ئەوەی ئەو لە کەین و بەینی سەرهەڵدانی ڕوانگە لە نەوەی حەفتاکان زیاتر شارەزا بێ** ) (٣٥) با وای دابنێین ئێمە لە مێژووی ڕوانگە و دامەزرێنەرانی بێ ئاگاین، چونکە نەوەی هەفتاکان و سەردەمی مامۆستا نین، بەڵام بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بۆچوونەی پشت بەو نووسین و مێژووانە

دەبەستین کە لە بارەی ڕوانگە، هاوسەردەم و بگرە هاوڕێ شاعیرەکانی خۆی نووسیویانە. ئەمانە باشترین بەڵگەن بۆ ئەوەی ڕۆڵی ناوبراو لە دامەزراندن و کارکردن لە ڕوانگە دەربخەن. وەك چۆن پێشتریش ڕەوان شاد کاکە مەم بۆتانی باس لەوە کردبوو کە کەمال ڕەئووف پاش هەفتەیەك پەشیمان بۆتەوە، کەچی کەسانێك دەیانەوێت ئەمیش بکەنە پاڵەوانی ڕوانگە، لە کاتێکدا کاکە مەم حەقیقەتەکەی باسکردووە کە چۆنە. ئێمە کە ئاگاداری باس وخواسی ئەو کات نەبووینە، با بزانین شاعیرێکی دیکەی ئەو قۆناغ لە بارەی ڕوانگە و ئەوانەی لە دەوری ڕوانگە دابوون چی دەڵێت؟ سامی شۆڕش، یەکێك لە دەنگە دیارەکانی شیعری هەفتاکان و سەردەمی ڕوانگە، لە وتارێکیدا کە لە بارەی جەلالی میرزا کەریم نووسیویەتی، هاوکات لایەکیش لە مێژووی ئەو گرووپە دەکاتەوە و دەنووسێت:_( لە دەوری ئەو شاعیر و ئەدیب و چیرۆکنووسە گەورانەدا، ئێمەش کۆمەڵێك لاو بووین و دەورمان دابوون. من و سەلاح شوان و ڕەفیق سابیر و ئەنوەر قادر و سەلام محمەد بووین، لەولاوەش لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی بوون، ئەمانە هەر یەك بە شێوەیەك دەوری ئەو بزووتنەوەیەی ڕوانگەمان دابوو ) (٣٦)، سامی شۆڕش، بە دیاریکراوی ناوی ئەو نووسەرانە دێنێت کە لە ڕوانگە نزیکبوونە و هاوکاریان کردوون و بابەتیان لە گۆڤاری ڕوانگە بلاوکردۆتەوە، کە چی دوور و نزیك بە یەك وشەش، هاوشێوەی ڕەفیق سابیر، باسی عەبدوڵا عەباس ناکات ! ئایا ئەمانەش وەك من نەوەی دوای ڕاپەڕینن و ئاگاداری ڕوانگە و حیکایەتی ڕوانگە نەبوونە، وەك ئەوەی بە ئێمەی دەڵێت؟ بۆ ئەمەیان نووسەر وەڵامی چییە بۆ ئەو هەموو بۆچوونانە، کە دوور

و نزيك باسی ئەو ناكەن، كە یەكێك بێت لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە. ئەمەش ئەو ڕاستییە دەردەخات، كە ناوبراو هیچ ڕۆڵێكی لەو بزووتنەوەیە نەبووە و بە داخەوە دوای مردنی دامەزرێنەرانی ڕوانگە، ئەم واقیعە دەقۆزێتەوە و دێت دوای پەنجا ساڵ، گاڵتە بە ڕوانگەیەكان دەكات، لە كاتێكدا وەك وتم بە بەراورد لەگەڵ شێركۆ بێكەس و حوسێن عارف و هەر كامێكی دیكە لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە، عەبدوڵا عەباس نەناسراوە، مەگەر لە سەردەمی هەفتاكان و لە بواری ڕۆژنامەنووسی نەبێت كە سەرنووسەری هاوكاری بووە. قسەكردن لە سەر ئەم ڕەوان شادانە، لە كاتێكدا خۆیان لە ژیان نەماون و هەوڵدان بۆ شێواندنی مێژوو، پێگەی ڕاستەقینەی ئەدەبییان، تەنها بە مەرامی ئەوەی خۆمان بكەینە خاوەنی مێژوویێك كە نیمانە، لە ڕاستیدا مایەی ڕەت كردنەوە و ڕەخنەكردنە، بە تایبەتیش بۆ ئێمە مانان، كە نەوەی دوای ئەوانین و دەمانەوێت لەو ڕاستییە مێژوویە ئەدەبییانە ئاگاداربین، كە وەك خۆیان ڕوویانداوە، نە وەك ئەوەی كەسێك لە دەرەوەی ئەو مێژووە دێت دەیهۆنێتەوە. ڕوانگەیەكان، هیچ كامێكیان ( تەنها مامۆستای هێژا حوسێن عارف ) نەبێت، لە ژیان نەماون، بەڵام بەخشش و داهێنان و شوناسی ئەدەبیان، ئەزموونی شیعری و نووسینیان بە نەمری تا هەتایە دەمێنێتەوە. ڕوانگە نەك هەر دێی وێران نەبووە و نابێت، بەڵكو ئەگەر بە نموونە  شێركۆ بێكەس لە ئەدەبی كوردی و شیعری كوردی بێنینە دەر، وەك ئەوە وایە بنمێچێك، یەكێك لە  پایە هەرە بنەڕەتییەكانی خۆی نەمێنێت. ڕوانگەیەكان بە كۆمەڵ و بە یەكەوە، ئەم گرووپەیان ڕاگەیاند و جاری نوێكردنەوەی شیعری كوردیان دا، بەڵام دوا جار هەر یەكێكیان

بوونه ئەستێرەیەکی جیاواز و ئاسمانی ئەدەبی کوردیان ڕووناك کردەوە ( ناتوانرێ وەك یەك جەستەی یەکگرتوو، قسە لە بارەی ڕوانگە بکرێت، چونکە ئەو دەنگانە پێکەوە سروودێکی یاخییان چڕی ، بەلاَم دواتر هەر یەکەیان گۆرانیەکی تەنیای وتەوە، نەوەی ڕوانگە لەگەلٚ قۆناغێکی هەلٚچوون، ساتە وەختێکی گەش و شۆڕشگێڕی کوردیدا کلٚپەی سەند و یەکەمین خیتابی شیعری و سیاسی و شۆڕشگێڕی چڕی، ئیتر ڕوانگە ئەزموونی یاخی و شۆڕشگێڕیەکەی خۆی لە وانەی شکست و ڕیسواکردنی زەمەنەکەی دابینییەوە. لێرەوە ئەو دەنگە کۆیانە، ڕێگا تەنیاکانیان گرت و ئەم ئەزموونە دەولٚەمەندە چەندین تولە ڕێ، جۆگەی سەر هەلگرتوو، بە ناو جەستەی شیعری کوردیدا بلاَوکردەوە ) (٣٧) بێگومان نەك جۆگە و تولە ڕێ، بەلٚکو ڕێگای پان و گەورە و ڕووباری بە خوڕ و دەریا و زەریاشیان لێ کەوتەوە، لە دەرەنجامی بەردەوام بوون و قووڵبوونەوەیان لە نێو ئەزموونی شیعر و ئەدەبدا. کێ دەتوانێت خۆی لە ناوی شێرکۆ بێکەس ببوێرێت کاتێ لە شیعری کوردی، باسی خاك، کارەسات، ئەنفال و پێشمەرگە، شاخ و سرووشت و هەموو شتێك دەکرێت؟ کێ دەتوانێت، خاوەنی چیرۆکی چای شیرین لە بیر بکات؟ شێرکۆ بێکەس بۆ ئێمە هەر تەنها شاعیرێك نییە بە تەنها، بەلٚکو سمبولە بۆ مێژووی پەنجا ساڵەی پڕ لە خوێن و زام و شەهیدبوون، سمبولە بۆ بەرگری و مانەوە و تێکۆشان و کوردبوون ( شێرکۆ بێکەس کە ئازادی لە ناو دنیا و پەیوەندیەکان و ژیانی مرۆڤەکان نادۆزێتەوە، بۆیە بەلایەنی کەم خۆی هەولٚئەدات لە نێو شیعرەکانیدا ئازاد بێت، خولیای خۆی بۆ ئازادی وەك هێزێکی گەورە فرێ بداتە نێو ژیان. شێرکۆ بێکەس،

پیاوێکە بە قووڵی دەستەکانی لە نێو مێژووی سەدەی بیستەمی ئێمە دایە، پیاوێکە بە ناو ئەم مێژووەدا دەگەڕێت و پارچە کوژرا و و سووتا و وێرانکراوەکانی کۆ دەکاتەوە ) (٣٨) . شێرکۆ بێکەس، کە یەکێکە لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە، دواجار دەبێتە ئەو شاعیرەی کە هاوتەریب لەگەڵ مێژووی بریندار و کۆڤانی ئێمە دەڕوات و بە بێ ئەو، جوگرافیای شیعری کوردی، ڕووبەرێکی گەورەی بە تاڵ دەبێت. بێگومان پێش ڕوانگە و دوای ڕوانگە، ئەم شاعیر و نووسەرانە هەبوونە، بەڵام نابێ ئەوەشمان بیر بچێت، ئەمانە بەرهەمی ڕوانگەشن، قۆناغێك کە توانی لە سەر زۆر ئاست و خاسیەتی هونەری لە ڕووی فۆڕم و ناوەڕۆکەوە، گۆڕانکاری لە شیعری کوردی بکات. ( شیعری کوردی لە قۆناغی کلاسیك، ڕۆمانتیك، ڕیالیزم، تا سەرەتای هەفتاکان، واتا پێش قۆناغی ڕوانگە، بە گشتی ستوونییە، بە دوو نیوە دێڕ یەك دێڕ دروست دەکەن، تەنانەت شێرکۆ بێکەس شیعرەکانی پێش قۆناغی ڕوانگەی بەم جۆرەیە ) (٣٩) بەمەش لەگەڵ ڕوانگە، شێوازێکی دیکە لە تۆپۆگرافیای شیعری شێرکۆ دەردەکەوێت. ئەمەش بەر مەبنای قۆناغەکە و بزووتنەوەی ڕوانگەیە، کە دنیابینی و ڕوانینێکی جیا و دابراو لە پێشووتر، بۆ شیعر دێنێتە ئاراوە. ئەم گۆڕانە ستوونی و نیوە دێڕییە، تا پێش قۆتاغی ڕوانگە و هەر لە شیعری کلاسیکی کوردییەوە بوونی هەبووە، بەڵام لەگەڵ سەرهەڵدانی ڕوانگە دەگۆڕێت. لێرەدا، بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوە بدەم کە دکتۆر لەو بۆچوونەیدا، گەرچی لایەکی لە گۆڕانکاری ڕوانگەیەکان کردۆتەوە، بەڵام دەبوو ئاگاداری ئەوە بووایە، کە جەلالی میرزا کەریم، لە کۆتای پەنجاکان و شەستەکان و تا ڕوانگە، شێوازێکی دیکەی لە

تۆپۆگرافیای شیعری پەیڕەو کردووە، کە بەدەرە لەو ڕێسایەی ئەو باسی دەکات. تەنانەت باس لەوە دەکرێت، کە ئەم شاعیرە، چەندین ساڵ پێش ڕوانگە نوێخواز و نوێگەر بووە لە شیعرەکانی و ئەمەش نکۆڵی لێنەکراوە، بەڵام هەر چۆنێك بێت، ئەگەر تا ڕوانگە شیعری کوردی پەیڕەوی لەو شێوازەی نووسین کردبێت، ئەوا لەگەڵ هاتنی ڕوانگە دەگۆڕێت، کە ئەمەش دەرکەوتە و داهێنانێکی دیکەی ڕوانگەیەکانە ( شاعیر تاکێکی کۆمەڵە، لە هەمان کاتیشدا لە تاکەکانی تر جیاوازە، ئەم دیاردەیەش بۆ تایبەتمەندی ئەزموون ناگەڕێتەوە، بەڵکو بۆ توانستی گوزارشتکردن لەو ئەزموونە دەگەڕێتەوە کە لە یەکێکی تردا بەدی ناکرێت. ئەم سیفەتە جیاکارییەش، بە دەربڕینی شیعر مسۆگەر نابێت، بەڵکو بە ڕایەڵەکانی چۆنیەتی وتن، لە ناوەندی تێکستدا جێبەجێ دەبێت. چییەتی واتاش لە گوزارشتکردن، پێوەری دەسەڵاتی شاعیرە و بنەماکانی جیاکردنەوەی دیاری دەکات ) (٤٠) ڕوانگەیەکان گەلێك گۆڕانکاریان لە شیعری کوردی هەفتاکان هێنا ئاراوە، دکتۆر ( هیمداد حوسێن ) لە کتێبەکەی خۆیدا بە ناوی ( بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی هەفتاو هەشتاکانی هەولێر ) لەم بارەیەوە دەنووسێت :_( ڕوانگەیەکان کاریان کردووە بۆ تازەکاری لە ڕووخسار و ناوەڕۆکی ئەدەبی لە کۆمەڵ بە گشتی، بەردەوام بانگەشەی ئەوەیان کردووە کە پێویستە نووسەران لە بەرهەمەکانیان چاو نەترسانە بەرەنگاری دیاردە ناشرینەکانی کۆمەڵگە ببنەوە و بەردەوام هەنگاوی گۆڕان و پێشکەوتن بنێن، چونکە خۆیان هەڵگری چەند پەیامێکی مەزن بوون ) (٤١) ئەمەش پێچەوانەی ئەو بۆچوونانەیە، کە پێیان وایە ڕوانگە هەر تەنها لاساییکردنەوەیەکی

ڕووتی گرووپێکی شیعری عەرەبەکان بووە، بە بێ ئەوەی توانای ئەوەیان هەبێت ئەو کۆپیکردنەوە بە بەڵگە بسەلمێنن. ڕوانگەیەکان جیهانبینی تایبەتی خۆیان لە شیعردا هەبووە، لەو سۆنگەیەشەوە گرووپی ڕوانگە وەك گرووپێکی شیعری سەربەخۆ، ناخسترێتە نێو چوارچێوەیەکی دیکەی شیعریی و لەگەڵ هیچ بزووتنەوە و مانفێستێکی دیکەی شیعریی ناخوێنرێتەوە. لێرەوەش ناونیشانی کتێبەکەی دکتۆر هیمداد بۆ من مایەی سەرنج و ڕەخنەیە، چونکە شاعیرانی هەشتاکانی هەولێر، هیچ پەیوەندییان بە ڕوانگەوە نییە، تا لەگەڵ ئەوان ناویان بێت، وێرای ئەمەش شاعیرانی هەفتاکانی هەولێریش بە هەمان شێوە، چونکە یەك شاعیری ئەو کاتی هەولێر، لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە نەبووە، ئیدی بۆچی دەبێت ڕوانگە بە شاعیرانی هەفتاکان و هەشتاکانی هەولێر ببەسترێتەوە؟! لە دەرەوەی ڕوانگە، دەنگی شیعری دیکە هەبوونە، بەڵام پەیوەندییان بە ڕوانگەوە نەبووە، بۆیە ئەم ناونانە، ئەم پۆلێنبەندییە زەمەنی و ئەدەبی و مێژووییە، لە ڕاستیدا هەڵەیە، ئەگەر گریمان ناونیشانی کتێبەکە، کاریگەریەتی ڕوانگە بە سەر شاعیرانی هەفتا و هەشتاکانی هەولێریش بووایە، دروستتر و ئەدەبیتر بوو. شاعیرانی ئەو قۆناغە و دواتری هەولێریش، پەیوەندییان بە ڕوانگەوە نییە، بۆیە هەموو کاتێك وە لە میانەی هەر خوێندنەوە و شرۆڤەکارییەك بۆ ئەزموونی شیعری کوردی، دەبێ ناوی ڕوانگە وەك گرووپێکی شیعری سەربەخۆ بهێنرێت، بگرە شیعری هەفتاکانیش، لە ڕووی زەمەنییەوە هەموو دەیەی هەفتاکان ناگرێتەوە، بەڵکو شیعری نیوەی یەکەم، کە سەردەمی ئاشتەوایی و بێ دەنگبوونی لوولەی چەکەکانە، جیاوازە لەگەڵ نیوەی

دووەمی هەفتاکان، کە شیعری هەستانەوە و بەرەنگاریی و ڕووبەڕووبوونەوەی ستەمی سیاسی و نەتەوەیە. ڕوانگەیەکان، وەك لەو کتێبەدا باسمان کردووە، گەلێك خاسیەتی هونەری و ئەدەبی جیاوازیان کە پێشتر نەبوون، هێنایە نێو شیعری کوردی ( ڕوانگەیەکان لە شیعرەکانیاندا هەستی خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤ و هەستی قووڵی مرۆڤایەتی لە بەرهەمەکانیاندا بە ئاشکرا هەستی پێ دەکرا. هەمیشە هەوڵیانداوە خەباتی گەلی خۆیان تێکەڵ بە خەباتی گەلانی جیهان بکەن و جیهان بکەنە نیشتمانی دووەمی خۆیان و لە سنووری بیری تەسکی ناوچەگەرێتی ڕزگاری بکەن ) (٤٢) بێگومان دەرچوون لە سنوور و بیری تەسکی ناوچەگەریەتیش بە بێ دنیابینییەکی گەورە و و کراوە و جیاواز دروست نابێت. ئەم دنیابینییە لە زماندا ڕەنگدەداتەوە و دواتریش ئەو زمانە دەبێتە بونیادێکی شیعری ( ڕوانگەیەکان هەوڵیانداوە زمانی شیعری دەوڵەمەند بکەن بە بەکارهێنانی وشە و دەستەواژەی نوێ کە پێش خۆیان نەبوون، هەروەها شاعیران دەیان وێنەی وەك گیڤاڕا، عیسا، بۆلیڤیا، ڤێتنام ، زەردەشتیان هێنا کایەوە کە زۆربەیان بە هۆی بارودۆخەکەوە بوون لە بەکارهێنانی وشەی نوێ ) (٤٣) ئەم سمبولانە، وەك ڕابەر و پێشەوای سیاسی و مرۆیی گەورە، هاوکات ئەم ڕووداوە سیاسییانەش کە نووسەر وەك داهێنراوێك دەیانداتە پاڵ ڕوانگەیەکان، زەمەنێك پێشتر و بەر لە ڕوانگە بوونیان هەبووە. شۆڕشەکانی گیڤارا و ڤێتنام و بۆلیڤیاو گەلێك لە مانە، بەر لە ڕوانگەن و پەیوەندییان بە ڕووداوە سیاسییەکانی سالآنی شەستەکانەوە هەیە، کەچی هیچ کام لەم گوزارشتە سیاسییانە، نایەنە نێو شیعری کوردی تا ڕوانگەیەکان دێن و

ئەم ناوانە بە شیعر دەکەن. ئەم ڕاستییە وەك دکتۆر هیمداد باسی دەکات، لە لایەکەوە جۆرێك لە جیاواز کەوتنەوەیە لە ڕووی بە شیعرکردنی وشەکان، لەلایەکی دیکەشەوە گوزارشت لەو نا ئاگایەی شیعری پەنجا و شەستەکان و داخراوی بە ڕووی بزووتنەوە سیاسی و نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەکانی دنیا دەکات. ئەگینا بۆچی ناوی گیڤارا، ڤێتنام، بۆلیڤیا، ڕوانگەیەکان دەیانهێنە نێو شیعری کوردی، لە کاتێکدا ئەم ناو و شوناسانە لە بنەڕەتدا لە شەستەکانەوە دەردەکەون؟ بەمەش ڕوانگە ئەگەر بزووتنەوەیەکی شیعریش بوو بێت، ئەوا لە ڕاستیدا دەروازەیەکی کراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتیش بووە بە ڕووی دنیای دەرەوەی خۆی. ڕوانگەیەکان، ئامانج و پەیامەکانیان تەنها لەو گۆڕانکارییە شیعرییانە کورت ناکردەوە، کە گوایا لاساییەکی ڕووتی گرووپە عەرەبەکان بکەنەوە بە تەنها، بەڵکو خەونی دیکە و پەیامی دیکەیان هەبووە، بە تایبەتیش شکاندنی هەموو ئەو نۆڕمە ئایینی و پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییانەی ڕەنگرێژی ئەو کاتی کۆمەڵگەی کوردیان کردبوو. لێرەوەش بە هۆکاری ئەو یاخیبوونە، کرانەوە و هەوڵدان بۆ شکاندنی ئەو بڤانە دەکەونە بەر هەڕەشە ( ئەوەی پرۆژەی ڕوانگەی بەرجەستە دەکرد، تەنها شیعر و چیرۆکی نەدەگرتەوە، بەڵکە مەبەستێکی تریش ئامادە بوو بۆ بۆ نوێخوازی و گۆڕانکاری لە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ ژن و پەیوەندییەکانی نێوان نێر و مێ و بانگەوازێکیش بوو بۆ ئازادی ژنیش ) (٤٤) واتا لە پاڵ ئەو گۆڕانکارییە ئەدەبییانەی ڕوانگە لەگەڵ خۆی دەیانهێنێت، پرسەکانی دیکەی کۆمەڵگەی کوردیش وەك ئازادی ژن ، کاریگەریەتی ئایینی و ئەقڵی سوونەتی و نەریتخوازی دەبنە بەشێك لە گوتاری

ڕوانگەیەکان. بێگومان ئەم بۆچوونانە، ئەم ڕاستییانە لە سەر زاری دامەزرێنەرانی ڕوانگە نەنووسراون، تاکو عەبدوڵاّ عەباس وەها خوێنەوەی بۆ بکات، کە ئەوان خۆیان پەسنی بزووتنەوەکەیان دەدەن، بەڵکو بۆچوونی ئەو نووسەر و ئەدیب و کەسانەیە، کە بەشێك نەبوونە لە ڕوانگە، یاخود دەیان ساڵ دواتر لە دەرەنجامی خوێندنەوە و هەڵسەنگاندن بۆ ئەدەبی ڕوانگەیەکان و گوتاری ئەو بزووتنەوەیە، ئەو بڕوایەیان لا دروست دەبێ، هەموو ئەمانەش ڕاستەوخۆ یاخود بە ڕاشکاویی، ئەو تێڕوانینەی نووسەر پووچەڵ دەکەنەوە کە پێی وایە، ڕوانگە دێی زل و ناوی وێران بووە، تەنها بە هۆکاری ئەوەی بەشێك نەبووە لەو بزووتنەوەیە، ئیدی دەیەوێت مێژووی ڕوانگەیەکان ناشرین بکات. پرسیاری من وەك خوێنەرێك لێرەدا ئەوەیە، ئەگەر ناوبراو وەك یەکێ لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە ناوی هاتبا، هەمان ئەو بڕوایە و تێگەیشتنەی ئێستای دەبوو؟ وا بزانم ئەم پرسیارە پێویست بە وەڵاّمدانەوە ناکات، چونکە وەڵاّمەکەی لای هەمووان ڕوون و دیارە. هەر پەیوەست بەو گۆڕانکارییەی ڕوانگە لە ئەدەبی کوردیدا دروستی کرد، تین و تاو و خوێنێکی تازەی بە بەر شیعری کوردی کرد ( بە هۆی ڕێککەوتننامەی ئازاری ١٩٧٠، بوارەکانی کۆمەڵگەی کوردی بوژانەوەیان بە خۆیانەوە بینی، بە تایبەتیش ئەدەب گەشەی کرد و بوژایەوە. بزووتنەوە و بەیاننامە و بانگەوازی ئەدەبی لەو قۆناغەدا تین و تەوژم و وزەیەکیان بۆ شادەماری ئەدەبی کوردی گەڕاندەوە، بانگەوازی ڕوانگە بە پلەی یەکەم بایەخی بە ژانری شیعر و بە پلەی دووەمیش بە ژانری چیرۆکدا ) (٤٥) ڕوانگە گەرچی وەك بزووتنەوەیەکی شیعری زۆرتر دەردەکەوێت، بەلاّم بوارەکانی دیکەی

کۆمەڵایەتی و ئایینی و ئەدەبیش فەراموٚش ناکات، بگرە بەشێك لە ژانرە ئەدەبییەکان، هەتا ڕوانگە دروست نەبوو، فۆڕمێکی میتۆدیی و ئەدەبی و هونەریان نەبوو ( ڕەخنەی ئەدەبی کوردی پشت بەستوو بە ڕێباز و فەلسەفەیەکی ئاشکراوە، لە سەردەمی سالآتی هەفتادا دروست بوو، بە تایبەتی لە ئەنجامی ئەو لێدوان و دەمەتەقێیانەدا کە دەربارەی ئەدەبی ڕوانگە هاتنە گۆڕێ ) (٤٦) لە پاڵ شیعرو چیرۆکدا، ڕوانگە دەرگایەکی نوێی بە سەر بابەتی ڕەخنە و دەمەتەقێ و گۆڕینەوەی بۆچوونی نووسەران دروست کرد، کە ئێستا هەندێکیان بە یار و نەیارانی ڕوانگە ناوی دەهێنن. لێرەوەش لە پەراوێزی ئەو بۆچوونەی میراودەلییەوە، دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە بەر لە ڕوانگەیەکان  بە مانا فەلسەفی و میتۆدییەکەی، شتێك نەبووە بە ناوی ڕەخنەگرتن، بێگومان ئەمەش دەسکەوت و بەخششێکی دیکەی ڕوانگەیەکانە، کە کەسانێك لە سۆنگەی ئەوەی ڕۆڵیان لە دروستکردنی ئەو مێژووە پرشنگدارە و ناوە زێڕینە نەبووە، دێن بێ بەڵگە و بۆچوونی لۆژیکی و مێژوویی و ئەدەبی، بە دێی وێران و ناوی زل و هێلکەی پیسی هەڵنەهاتوو ناوی دەبەن ! هەڵبەتە ئەگەر بڕوانینە ئەو وتار و نووسینانەی لە پەراوێزی گرووپی ڕوانگە لە ساڵانی هەفتاکاندا نووسراون، ئەوا بەر زانیاریی دیکەش دەکەوین، کە هەر پەیوەست بەو لێ کەوتانەیە کە ڕوانگە دروستیان دەکات. دەشێ ئەو بۆچوونانەی ئەو کات بۆ ئێستا بڕ نەکەن، بەڵام بەرجەستەی یەك ڕاستی گرنگ و مێژوویی بەرچاو دەکەن ئەویش ئەوەیە، ڕوانگە بزووتنەوەیەکی بە بەهاو بە ناوەڕۆك بوو، نەك تەنها لاساییکردنەوەی مانفێستی شیعری عەرەبی. ئەم باس و بابەتانەی لە پەراوێزی دروستبوونی ڕوانگە، لە

سەرەتای هەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا لە نێوەندی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی کوردی هاتنە ئاراوە، دەلالەت لەوە دەکەن، کە ڕوانگە بێ گوتار و ناوەڕۆك و پەیام نەبووە، بەڵکو لە دەرەوەی شیعر و ئەدەبیش، خەون و تێڕوانینی دیکەی نەتەوەیی و چینایەتی و پەروەردەییشیان هەبووە، ئەمەش لەپەراوێزی ئەو وتارانەی لە سەر ڕوانگە نووسراون، ( گومانی تێدا نییە کاتێ ڕوانگەیەکان، مەسەلەی نەتەوایەتی دێننە پێشێ و داوای سەلماندنی بوون و مافی نەتەوەکان دەکەن، لە هەمانکاتدا خزمەتی مەسەلەی جوتیارانیش دەکەن، وەك چینێك کە سەر بە گەلن و لە مافی نەتەوەیی بێ بەشن ) (٤٧) لێرەدا، لە پاڵ هەوڵدان بۆ نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبی کوردی، ئەم بزووتنەوەیە، خەباتی چینایەتی و یەکسانیشی، وەك بەشێك لە ئەرکەکانی خۆی، لە پێناو مرۆڤ و چینی چەوساوە بینیوە. ئەم ڕایەی میراودەلی، وەلامێکە بۆ هەموو ئەوانەی لەو سەردەمدا، ڕوانگەیەکانیان بە بۆرژوواو و لامونتەمی و ئەدەبی بێ هوودەیی دەناساند. لە ڕاستیدا، هیچ هۆکارێکی دیاریکراو، پاساوێکی ئەدەبی و مێژوویی نییە، تا عەبدولا عەباس، بیکاتە بیانووێك بۆ ئەوەی دوای پەنجا ساڵ هێرش بکاتە سەر ڕوانگەیەکان، جگە لە ئێرەیی بردن، ڕق و تووڕەیی، کینەی کەسی و ئەدەبی نەبێت. هەموو ئەمانەش، لە سۆنگەی ئەوەیە کە مێژوو وەك یەکێك لە دامەزرێنەرانی ڕوانگە نایناسێنێت، بەلام پرسیار لێرەدا ئەوەیە، کە ئایا ئەم نووسەرە، هەر لە سەرەتای بانگەوازەکەی ڕوانگەوە ئەمە هەڵوێست و تێگەیشتنی بووە؟ بێگومان نەخێر، بەڵکو عەبدولا عەباس، ڕوانگە بە ڕەت کەرەوەی ئەدەبی کۆن دەناسێنێت، هەروەك خۆی لە کاتی ڕاگەیاندنی

بزووتنەوەکەدا گوتوویەتی:_( خوێنەواری ئەمڕۆ، پێویستە بە ئەدەبی تەکیە و خانەقا و سەرگوزشتەی ڕشتەی مرواری فێر نەکرێن، لە ڕاستیدا زۆر پێویست بوو ئەم بانگەوازە بدرێت، تا سەرەتای ئەو کاروانە دەرکەوێت کە نووسەر و شاعیری شۆڕش و ڕاستی و چاو نەترسی لە پێشەوە بێ، ئێمە پێویستیمان بە بەرهەمی ئەدەبی نوێ هەیە کە هەمیشە لەگەڵ پاشەڕۆژێکی ڕووناکتر دایە ) (٤٨) ئەمە بۆچوون و هەڵوێستی ئەم نووسەرە بووە لە سەرەتای ڕوانگەدا، کەچی دوای پەنجا ساڵ، دوای ئەوەی دەزانێت دامەزرێنەرانی ڕوانگە لە ژیان نەماون ، دێت ئەمە بە هەل دەزانێت و بە داخەوە لە مێژوو، پێگەی ئەدەبیان کەم دەکاتەوە کە پێی ناکرێت ! هەر بۆ ئەوەی باشتر ئەوە ساغبکەینەوە کە ناوبراو ڕۆڵی لە دامەزراندنی ڕوانگە هەبووە، دەگەڕێینەوە سەر نوێترین و دواترین و تازەترین دیمانەی مامۆستای هێژا حوسێن عارف، کە چەند مانگێکی کەم لەمەو بەر لەگەڵی کراوە و تیایدا زۆر بە ڕوونی باسی ئەوە دەکات کە ئەم کابرایە هیچ پەیوەندی بەوانەوە نەبووە. لەم سۆنگەیەوە مامۆستا دەڵێت:_( هیچ شتێك لە نێوان ئێمە و ئەو کەسەی کە ئەو ئیدیعایە دەکات نییە ئەمە بە هیچ شێوەیەك ڕاست نییە کە ئێمە بیرۆکەی ئەو کارەمان لەو وەرگرتبێت ، بچووکترین پەیوەندی لە بەینی ئێمە و ئەودا سەبارەت بەو بابەتە نەبووە ) (٤٩) هەروەها سەبارەت بەوەشی کە عەبدوڵا عەباس دەیلێت کە گوایا هەر کاتی خۆی ڕەخنەی لێ گرتوون بەوەی بۆچی ناوی لەسەر بەیاننامەکەی ڕوانگە نەنووسراوە؟ مامۆستا حوسێن عارف هەر لەو گفتوگۆیەیدا دەڵێت:_( ئەبەدەن نەك هیچی نەوتووە و نەنووسیوە لەگەڵ خۆشماندا هیچ قسەیەکی وای

نەکردووە کە ناڕازی بێت ، ئەم قسانەی ئێستای تازەن ) (٥٠) ، بەم قسانە، مامۆستا حوسێن عارف، قفڵی لە دەرگای ئەو باسەدا، ئیدی عەبدوڵا عەباس لە بری ئەوەی تازە دوای پەنجا ساڵ بێت، دەست بە مێژووی زێڕینی ڕوانگەیەکانەوە بگرێت، باشتر وایە خۆی داهێنان و نوێکارییەك بکات و مێژوویێکی ئەدەبی نەك ڕۆژنامەنووسی بۆ خۆی دروست بکات. قسەکردن لە سەر ڕوانگەیەکان، ناوبردنی ئەم بزووتنەوەیە بە ناوی زل و دێی وێران، کە پەرچەکردار و کاردانەوەی دەروونین، کۆمەکی ئەم نووسەرە ناکەن، تا ناوی بخرێتە ڕێزی ڕوانگەیەکان یاخود مێژوویان بشێوێنێت و کەم بکاتەوە، بە تایبەتیش بە داخەوە کە خۆیان لە ژیان نەماون، ئەمەش هەمیشە دەرفەتێکی ئازاد و بێ سانسۆر دەڕەخسێنێت، کە کەسانێك قسە لە سەر هاوڕێکانییان، یان کەسانێکی دیکە بکەن کە خۆیان لە ژیان نەماون و دەزانن دەرفەتی بەرگرییان نەماوە. ڕوانگە نەك ناوێکی زل نەبووە، بگرە بە درێژایی سێ ساڵ، دیالۆگ، وەڵام و وەڵامدانەوە، ڕەخنە و شرۆڤەکردنی لە نێوەندی نووسین و ئەدەبی سەرەتای هەفتاکانی لێ کەوتەوە، بۆ ئەوەی باشتریش لەو مێژووە ئاگاداربین، باشتر شلەقاندنی ئەو گۆمە مەنگەی ئەدەب و ڕۆشنبیریی کوردی ببینین کە ڕوانگە جووڵەی تێخست، باشتر وایە کتێبی ( ڕوانگە یاران و نەیارانی ) بخوێنینەوە ، ئەو کات باشتر لەو مێژووە ئاگادار دەبین. مێژوویێك کە پێویست بەوە ناکات، لە بارەیەوە هیچ شتێك بنووسین، چونکە خۆی گەواهی سەردەمەکە دەدات و مێژووەکە خۆی خۆی نووسیوەتەوە، هەروەك شاعیر ڕەفیق سابیر دەنووسێت:_( ئەو وتار و نووسینانەی لایەنگران و نەیارانی ڕوانگە لە بارەیەوە نووسیان، زۆر لە بانگەوازەکە

کاریگەرتر بوون. چونکە دەرفەتیان ڕەخساند پرسی نوێخوازی و گۆڕینی ئەدەبی کوردی وەکو بابەتی ڕۆژ بە فراوانی و لە گۆشە نیگای جیاوازەوە باس بکرێت) (٥١) دواجار دەڵێین، ئەم کتێبەی ئێمە، بەرگریکردن نییە لە دامەزرێنەرانی گرووپی ڕوانگە، کە پێویستیان بە بەرگریی و گەواهی کەس نییە، چونکە مێژوو گەواهییان بۆ دەدات و خۆیان هەبوون و بوونە قەڵەمی دیار و داهێنەر، بەڵکو لە سۆنگەی ئەوەیە نابێ بکرێتە نەریت، کەسانێك بە ئارەزووی خۆیان مێژوو دەستکاری کەن و چۆنیان ویست بەو شێوەیە لە بەرژەوەندی خۆیان بینووسنەوە، لە کاتێکدا واقیع شتێکی دیکەمان پێ دەڵێت، بەڵکودەبێ بێینە دەنگ. لەلایەکی دیکەوە، بە داخەوە چەند ساڵێکە بۆتە نەریت کە کەسانێك جا چ سیاسی و سەرکردە بن، یان ئەدیب و نووسەر، دێن قسە لە سەر هاوڕێکانیان یانیش سیاسی و سەرکردە و نووسەرانێکی دیکە دەکەن، کە لە ژیان نەماون، کە ئەمەش دوورە لە ئادابی گشتی و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردی و ئاکاری جوانی مرۆڤی کورد، بە تایبەتیش لای نەوەی هەفتاکان، کە نەوەیەکی خاوەن پرەنسیپ، مۆڕاڵ، ڕۆشنبیر و خوێنەوار بوون و ئێستاش لای نەوەکانی دوای ئەوان، خۆیان و بەرهەمەکانییان مایەی بە سەرکردنەوە و خوێندنەوە و پێزانینن و ئەو سەردەمەی ئەوان، بە سەردەمی زێڕێن و جیلی ئاڵتوونی ناو دەبرێت، وەك ئاماژەیەك بۆ نەوەیەکی جیاواز لە مێژووی ئێمەدا. ئەم جۆرە قسەکردنانە، هیچ بەهایەکی مێژوویی و کەسی و کۆمەڵایەتیان نییە، لە بەر یەك هۆکاری زۆر سادە، ئەویش ئەوەیە ، ئەو کەسانە بە داخەوە خۆیان لە ژیان نەماون، تا بەرگری لە خۆیان بکەن. من بەش بە حاڵی خۆم وەك خوێنەرێك، هەمیشە

بەرپەرچی ئەو جۆرە بۆچوونانەم داوەتەوە، چونکە بە بەرپرسیاریەتییەکی ئاکاریی و ئەدەبی و نەتەوەیی خۆمم زانیوە، بەدەر لەوەی کەسانێك چۆن وێنای ئەو هاتنە دەنگەی ئێمە دەکەن، وەك ئەوەی کە زۆر جار نووسەرانێکی مێشك دۆگمای نەوەکانی پێشوو دەڵێن، چۆن دەبێت نووسەرێکی گەنجی دوای ڕاپەڕین، بێت باسی ڕوانگە بکات، خۆ ئەو لەو سەردەم نەژیاوە. لێرەدا دەبێ پێوەری قسەکردنمان، زانیاریی و خوێنەوە و ڕۆشنبیری بێت، نەك تەمەن. ئێمە مانان، سەدان وتار و دەیان توێژینەوە و کتێبمان لە بارەی ڕوانگە خوێندۆتەوە، دەیان دیمانە و گفتوگۆمان لەو بارەوە خوێندۆتەوە، بۆیە مافی منی خوێنەر و هەر گەنجێکی دیکەشە، مێژووی ئەدەبی کوردی شەن و کەو بکات، بێ ئەوەی تەمەنی بکرێتە پێوەر، بەو مەرجەی بە زانیاریی و بەرپرسیاریەتییەوە ڕاستییەکان بخاتە ڕوو. ئەم کارەی ئێمە مانان، بەهایەکی ئەدەبی جوانتری هەیە، هیچ نەبێت ڕێگە نادات مێژوو، میراتی دوێنێی ئەدەبی نەوەکانی پێشوو، کە بۆ ئێمە سمبول و داهێنەری ئەدەبی مەزن و جوانن، لەلایەن کەسانێکەوە بە هۆکاری کینە و پەرچەکرداری دەروونی بشێوێنرێت و چەواشە بکرێت. ئەم کارەی ئەوان، ئەو بێ دەنگبوونەی ئەوان، بەرانبەر هاوڕێکانیان تا لە ژیاندا ماون، یەك شرۆڤە هەڵدەگرێت ئەویش دڵنیا نەبوونە لەوەی کە دەیلێن و بوێری نەگوتنە لە باسکردنی ئەو کەسانە تا خۆیان لە ژیان ماون لە بەر هەر هۆکارێکەوە بێت. لەو ڕوانگەیشەوە ئێمە بڕوامان وایە، ئەو قسانەی دوای پەنجا ساڵ عەبدوڵا عەباس لە سەر ڕوانگەیەکان دەیکات، هیچ ئەرزشێکیان نییە، چونکە لە کۆی پێنج ئەندامی سەرەکی

دامەزرێنەرانی گرووپەکە، بە داخەوە چواریان مردوون، تەنها مامۆستای هێژا (حوسێن عارف _ کە تا ئەم نووسینە لە ژیان ماوە و بە هیوام تەندروستی باش بێت ) ماوە. بڕوام وایە هەموو ئەوانەی لە دژی ڕوانگە دەنووسن، بە ئێستاشەوە بەشێکی زۆری لە سۆنگەی گفتوگۆی ئەدەبی، ڕەخنەی لۆژیکی و مەعریفی نییە، وەك ئەو کتێبەی عەبدوڵا عەباس، بەڵکو بە هۆکاری ئەوەیە خۆیان بەشێك نەبوونە لە پڕۆژەکە، ئیدی دژی دەوەستنەوە. ئەم نووسەرانە، ئەگەر لەو گرووپە بوونایە ، ناو و ئیمزایان بە سەر بەیاننامەکەوە بووایە، هیچ گومانم نییە هەڵوێستێکی دیکەیان دەبوو. دەنا باسکردنی بزووتنەوەیەکی شیعری، یاخود هەر گرووپ و بابەتێکی ئەدەبی و ڕۆشنبیری دوای نیو سەدە، شوێنی خۆی ناگرێت و ناچێتە چوارچێوەی ڕەخنەی لۆژیکی و بابەتییانە، چونکە ئەم کارانە، کەسایەتی بەرهەم و نووسینەکانیان بوونەتە ڕابردوو بە مانا مێژوویەکەی نەك ئەدەبییەکەی. بەو مانایەی ڕوانگە کە پەنجا ساڵ لەمەو بەر ڕاگەیاندراوە، دامەزرێنەرەکانی دیارن، زەمەنێکی بە سەردا تێپەڕیوە، ئیدی ڕەخنەیەکی ئێستا لەو کات و خۆ بە پاڵەوانکردنی هەندێ شاعیر و نووسەر، لە سەر مێژوو، خەرمانەی بیر و بەرهەمی ڕوانگەیەکان، تازە چ مانا و ڕەهەندێکی هەیە، ئەگەر کینەی کەسی نەبێت؟! ئەم جۆرە ڕەت کردنەوە بێ ئەرگۆمێنتانە، ئاخۆ دەتوانێت کۆمەکێکی ئەدەبی و مێژوویی نووسەرەکە بکات و خستنە سەرێك ( ئیزافەیەك) بخاتە سەر ڕابردوویان، کە بۆ هەمووان دیار و لە بەرچاوە؟ بێگومان بە ڕەهایی دەبێ بڵێین نەخێر.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

١___ روانگە ناوی زل و دێی وێران، عەبدوڵا عەباس، بێ ژمارەی سپاردن و ساڵی چاپکردن.

٢_ هـ _ س پ ، ل ١٥.

٣_ هـ _س _پ، ل ١٥.

٤_ هەر سێ ژمارەی ڕوانگە، بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم، زنجیرە (٥٧٢) ساڵی چاپ _ ٢٠١١.

٥_هـ _س ÷پ .

٦_ هـ _ س _ پ .

٧_ بزووتنەوەی ڕوانگە و شیعری نوێی کوردی، شادومان قادر حەسەن، بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم، چاپ _٢٠٠١.

٨_ کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی، ساڵی چاپ _ ٢٠٠٨، ل ٨٠ .

٩_ روانگە ناوی زل و دێی وێران، عەبدوڵا عەباس، بێ ژمارەو و شوێنی چاپکردن.

١٠_ کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، دکتۆر عەلی تاهیر بەرزنجی، ،ساڵی چاپ _ ٢٠٠٨.

١١_ ڕەمز لە شیعری هاوچەرخی کوریدا، کرمانجی خوارە ١٩٧٠ _١٩٨٠، د _ پەخشان سابیر حەمەد، ساڵی چاپ – ٢٠١٠.

١٢_ کتێبی ڕەش، گوتار و بیر ڕای ئەدەبی، دڵشاد عەبدوڵا، بڵاوکراوەی دەزگای سەردەم _ ٢٠٢١ ، ل ٤١.

١٣_بەرەوجیهانی شیعری چەند شاعیرێك، کەمبال غەمبار، بلاوکراوەی ئاراس _٢٠٠٨، ل ٣٦٩.
١٤_ گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە ٥٤ ی ساڵی ٢٠١٢، مەلەفی تایبەت بە ڕوانگە، ل ٧٩.
١٥_ ھ _س _پ ل ٩٨
١٦_ ھ _س _پ ل ٩٨.
١٧_ ھ – س_ پ ل ١٠٠
١٨_ ھ _ س _ پ ل ١٠١.
١٩_ھ _ س _ پ ل ١٠٥ .
٢٠_ ھ _ س _ پ ل ١٠٦.
٢١_ ھ _ س _ پ ل ١١٠.
٢٢ ھ _س _پ ل ١٢٠،
٢٣_ لە ستایشی ژیاندا، ڕەفیق سابیر، بلاوکراوەی چوار چرا، ساڵی چاپ _ ٢٠٢٣ ل ١٦٤.
٢٤_ ھ _ س _ پ.
٢٥_ لە هەیڤدا بۆ ڕووی تۆ و لە پەیڤدا بۆ خۆم دەگەڕێم، حەمە سەعید حەسەن، بلاوکراوەی دەزگای ئایدیا ، چاپ _٢٠٢٩ ل ٧٥.
٢٦_ڕەوتی نوێکردنەوەی شیعری کوردی، حوسێن غازی کاکەمین، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، زنجیرە ١٠٥، ساڵی چاپ _٢٠١٠ ل ٢٣.
٢٧_ کاریگەری ڕوانگە لە نوێگەری شیعری کوردیدا، د _عەلی تاهیر بەرزنجی ،ساڵی چاپ _ ٢٠٠٨ ل ٨٣.
٢٨_ ڕۆڤار، دیمانە لەگەڵ کاکە مەم بۆتانی ، ژمارە ٩٢ ، ساڵی _ ٢٠٢٢ ل ٤٥.

٢٩_ڕۆڤار، دیمانە لەگەڵ کاکە مەم بۆتانی ، ژمارە ٩٢ ، ساڵی _ ٢٠٢٢ ل ٤٥،

٣٠_ ڕۆڤار، دیمانە لەگەڵ کاکە مەم بۆتانی ، ژمارە ٩٢ ، ساڵی _ ٢٠٢٢ ل ٤٥.

٣١_سایتی چاودێر، دیسان یار و نەیارانی ڕوانگە کەوتنە دیالۆگ، بەرواری ١٩ /٦/٢٠٢١.

٣٢_ روانگە ناوی زل و دێی وێران، عەبدوڵا عەباس ، بێ ساڵی چاپ و ژمارەی سپاردن، ل ١٨.

٣٣_ لە ستایشی ژیاندا، ڕەفیق سابیر، بڵاوکراوەی چوارچرا، ساڵی چاپ_ ٢٠٢٣، ل ١٧٥.

٣٤_ ٩٥٥ دەقیقە لەگەڵ شێرکۆ بێکەسدا، شێرزاد هەینی، بڵاوکراوەی سەنتەری نما، ساڵی چاپ _٢٠٠٨ ، ل ١٢٣.

٣٥_روانگە ناوی زل و دێی وێران، عەبدولا عەباس ، بێ ژمارەی سپاردن و ساڵی چاپکردن، ل ١١.

٣٦ _دەنگێکی نوێخواز لە نێو بێدەنگیدا، سامی شۆڕش، گۆڤاری ئایندە ، ژمارە ٧٩ ، ساڵی ٢٠٠٨، ل ١٩.

٣٧_ئەو مەشخەڵەی گەڕایەوە ئامێزی خاك، بەرزان فەرەج، کوردستانی نوێ ژمارە (٥٨٦) لە ١٣ / ١/١٩٩٣.

٣٨_ دڵڕەقی و بێ ماڵی، مەریوان وریا، بڵاوکراوەی ئەندێشە، ساڵی چاپ _٢٠١٥، ل ٢٤٤.

٣٩_ زمان و توێژینەوە فرە چەمکییەکان، د. شێرکۆ حەمە ئەمین قادر ، ساڵی چاپ _ ٢٠٢٢، ل ١٨٩.

٤٠_ بونیادی زمان له شیعری هاوچەرخی کوردیدا، د_ ئازاد محمەد محمود، بلاّوکراوەی ئەکادیمیای کوردی زنجیرە (٧١) ،ساڵی چاپ _ ٢٠٠٩، ل ٣٥.

٤١_بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی هەفتا و هەشتاکانی هەولێر، د _هیمداد حوسێن، بلاّوکراوەی یەکێتی نووسەران لقی کەرکوك زنجیرە ١١٦، ساڵی چاپ _ ٢٠١٢ ، ل ٢٩.

٤٢_ بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی هەفتاو هەشتاکانی هەولێر، د _هیمداد حوسێن، بلاّوکراوەی یەکێتی نووسەران لقی کەرکوك زنجیرە ١١٦، ساڵی چاپ _ ٢٠١١٢ ، ل ٢٧.

٤٣_ بزووتنەوەی ڕوانگە و شاعیرانی هەفتاو هەشتاکانی هەولێر، د _هیمداد حوسێن، بلاّوکراوەی یەکێتی نووسەران لقی کەرکوك زنجیرە ١١٦، ساڵی چاپ _ ٢٠١٢ ، ل ٢٧.

٤٤_ ژن و کۆمەڵگە لە قۆناغی باڵندەیی شێرکۆ بێکەسدا، مەهاباد قەرەداغی، بلاّوکراوەی بنکەی ئەدەبی گەلاوێژ زنجیرە ٦، ساڵی چاپ _ ٢٠٠٣ ،ل ١١٠.

٤٥_ کۆمەڵگا لە ڕۆمانی کوردیدا ، د _عەبدوڵا ڕەحمان ، بلاّوکراوەی ناوەندی ڕۆشنبیری ئاوێر، ساڵی چاپ _٢٠٢٠ ، ل ١٤٠.

٤٦_ ئەدەبناسی، د _ کەمال میراودەلی، ساڵی چاپ _ ٢٠٢١ ، ل ٣٢.

٤٧_ ئەدەبناسی، د _ کەمال میراودەلی، ساڵی چاپ _ ٢٠٢١ ، ل ١٦٣.

٤٨_ ڕوانگە یاران و نەیارانی ، حوسێن عارف ، زنجیرە کتێبی سەردەم ژمارە ٣٢٢ ، ساڵی چاپ _ ٢٠٠٥ ، ل ٩٤.

٤٩_ چیرۆکەکانی ئەدیبێك، گفنوگۆی شاخەوان سدیق لەگەڵ حوسێن عارف ، بلاْوکراوەی دامەزراوەی کەریمی ئەلەکە ، ساڵی چاپ _ ٢٠٢٣ ، ل ٧٤ .
٥٠_ هـ _ س _پ ، ل ٧٥.
٥١_ لە ستایشی ژیاندا، ڕەفیق سابیر ، ساڵی چاپ _٢٠٢٣ ، ل ١٦٥.

بەرهەمە چاپكراوەكانی نووسەر:_

★ زمان و شێوەزارەكان/ لێكۆڵینەوەی زمانەوانی.

★ سێبەری وشە/ كۆمەڵە وتار.

★ ڕوانینێك لە پەنجەرەی شیعرەوە/ لێكۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ شاعیرێك لە نێوان مەرگ و ژیاندا/ لێكۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ گەران بەدوای جیهانێكی دیكەدا/ لێكۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ لە غوربەتی شوێنەوە بۆ غوربەتی ڕوح/ لێكۆڵینەوەی ئەدەبی.

★ لەو دیو پەیڤەكانەوە/ لێكۆلینەوەی ئەدەبی.

★ پەیڤەكان دەدوێن/ خوێندنەوە و ڕانانی كتێب.

★ پەروەردەی ڕواندز لە دە ساڵەی تەمەنیدا/ ناساندن.

★ لە سێبەری كتێبدا/ خوێندنەوە و ڕانانی كتێب.

★ كۆرۆنا / كورتە وتار.

★ چالاكییەكانی پەروەردەی ڕواندز.

★ دیدی باو/ لێكۆڵینەوەی شیعریی.

★ لە پێناوی پەروەردەدا/ وتاری پەروەردەیی.

★ شاعیر دەمرێت شیعر نا/ لە بارەی شیعری پاكانەی موزەفەر نەواب.

★ لە ژێر ساباتی شیعری پەشێودا/ خوێندنەوەی شیعرەكانی پەشێو.

★ سەدیق سەعید ڕواندزی: لە ساڵی ١٩٧٢ لە شارۆچکەی ڕواندز لە دایك بووە. خوێندنی سەرەتایی و  ناوەندی و دواناوەندی هەر لە ڕواندز تەواو کردووە. ساڵی ١٩٩٣ _ ١٩٩٤ ، بەشی کوردی پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە. لە یەکەم گرووپی قوتابیان بووە، کە دوای کردنەوەی بەشی کوردی بۆ یەکەم جار لە دوای ڕاپەڕین، لە پەیمانگای مەڵبەندی مامۆستایانی هەولێر، لەو بەشە وەرگیراوە. ئێستا لە ڕواندز دادەنیشێت و وەك مامۆستایەکی قۆناغی بنەڕەتی، لە گوندێکی دۆڵی ئاکۆیان، وانە بە قوتابییە چاوگەشەکان دەڵێتەوە.